YADNAMA
یادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

ژمارەی ٧٦ی ئەیلول ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.76.September.2025

# هەرێمی کوردستان لەبەردەم ئەگەری ڕوداوەکاندا

**یادنامە**

بەگشتی جیهان لەبەردەم جوڵەیەکی سیاسی و ئابوری و سەربازی بەهێزدایە ، ململانێ و جەنگ ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو دیوە توندڕەو و گەرمەکەی دەڕوات ، بەشێوەیەک بچوکترین سەرزەمین و نەتەوە و گەل نەماوە کە ئەم ململانێیانە چوتە سەر مێزی هەموو نەتەوەکان ، بەتایبەت ڕوداوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

لە ئێستادا کە ململانێی زلهێزەکان بە ئاشکرا دەبینرێت هەر لە لیبیاوە بۆ تورکیا و ئێران تا دەگاتەوە عێراق ، لەم نێوەندەدا هیج کێشەیەک لەدەرەوەی سیاسی نیە ، کێشەکانی کورد هەر لە تورکیا و بۆ ئێران و سوریا کێشەی سیاسی و ململانێی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکانە ، هەرێمی کوردستان کە دابەش بوە بەسەر دوو هێزدا بونەتە بەشێک لە کێشەکانی ئێران و تورکیا ، زۆنی زەرد لە ئێستادا بوەتە بەشێک لە کێشەکانی تورکیا لە سوریا ، زۆنی سەوزیش بەشێک لە ئەجێندای ئێرانی کە ئەم دابەشکاریە لەسەروی ئیرادەی هێزەکانی هەرێمەوەیە بە پارتی و یەکێتیشەوە ، بۆیە کورد ئەگەر نەتوانێ بێلایەنی خۆی لە ململانێ و جەنگەکاندا بپارێزێ ئەوا هەرێم مەحکوم دەبێت بە دوبارەبونەوەی مێژوو ، کە پڕە لە یەکتر سڕینەوە و بەکارهێنانیان لەلایەن دوژمنەکانی کوردەوە دژی یەک.

# بەغدا و هەولێر دراوسێیایەتی یان فیدراڵی

**یادنامە**

کاتێک دەستوری عێراقی نوێی دوای سەدام نوسرایەوە بە ئامادەگی نوێنەرانی کۆی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینی کرا و بەسەرپەرشتی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان ، بە پێی ئەم دەستورە عێراق فیداراڵی دەبێت ، وە ئەگەر سێ پارێزگا داوا بکەن ئەوا دەتوانن هەرێمێکی فیدراڵ دروست بکەن ، هەر ئەو کات هەرێمی فیدراڵی کورد دروست بو ، بەدەر لەوەی لەدەستوری عێراقدا کورد وەک نەتەوەی دوهەم دانراو و زۆر مافی بۆ دیاری کرا ، لەو کاتەوە تا ئێستا بەغداد و هەولێر لەناو بازنەیەکی داخراوی پڕ لە ململانێدا دەسوڕێتەوە ، خۆ ئەگەر هەولێر پایتەختی هەرێمێکی فیدراڵی بێت ، ئەوا بەغداد پایتەختی وڵاتێکە کە لە دنیادا وەک دەوڵەت هەژمار دەکرێت ، دواجار ئەوەی گرنگە هەولێر چۆن بتوانی سودمەند بێت لەم دەستور و فیدراڵییە و مافەکانی بەدەست بهێنێت نەک دراوسێیایەتی ، کاتێک دەتوانی دراوسێیایەتی بکات ئەوا دەبێت دەرئەنجامی هەمو لایەنەکانی لێک بدرێتەوە کە بۆ ئەم قۆناغە کە کورد دوو زۆنە و یەکێتی ناوەکی لاوازە باشترە لە ڕێی دەستور و پێگەی سیاسی کار لەسەر گۆڕانکارییە سیاسی و ئابورییەکان بکات ، بە تایبەت دوایی قۆناغی ڕیفراندۆم.







سەردێڕی هەواڵەکان لە یادنامەیەکەوە بۆ یادنامەیەکی تر ... ل٢
ئەمریکا و قەتەر دۆخی نوێ ... ل٣
شرۆڤەکارێکی سیاسیی: ئەمریکا سووره لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی ... ل٤
هەی داد، هەی بێداد، کورد بێدار نیەن لە زانایێن خۆ خەوەردار نیەن ... ل ٥
ئازاد هەورامی ... ل٦
لە قەندیلەوە ، وەڵامت بۆ دەنێرمەوە ... ل٨
ڕەنگدانەوەی ئەدەبی منداڵان لەڕوانگەی گەورەساڵانەوە ... ل١١
داگیرکردنی نیشتمان ... ل١٢
سیاسەتی بێ هزر و زانین ... ل١٣
بێدەنگکردنی گفتوگۆی پیشەیی: بەربەستێک لەبەردەم شەفافیەت و چاکسازی لە پەروەردەدا ... ل١٤

# سەردێڕی هەوڵەکان لە یادنامەیەکەوە بۆ یادنامەیەکی تر یادنامە

## جیهانی

١-سارکۆزی سەرۆکی پێشوی فەرەنسا بە تۆمەتی گەندەڵی لەگەڵ موعمەر قەزافی لە دادگا تاوانبار کرا.

٢-سەردانی کردنی شەرع بۆ ئەمریکا ، دەبێتە هۆی زۆر گۆڕانکاری لە سوریا.

٣-کات لەبەردەم ئێراندا کەم ماوە بۆ دوبارە چالاککردنەوەی گەمارۆکانی سەر ئێران.

٤-ئاشکرا بونی پەیوەندیەکانی تورکیا(ئەردۆغان)و ئیسرائیل

٥-وەزیری بەرگری ئەمریکا داوای کۆبوونەوەی بەپەلەی کرد لەگەڵ زۆرترین جەنەراڵەکانی ئەمریکیدا




تۆم باراک نێردەی ئەمریکا بۆ تورکیا دەڵێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هیچ شتێک نییە بە ناوی دەوڵەت ئەوەی هەیە تەنها چەند گوندێک و چەند عەشیرەت و خێڵن نەک دەوڵەتێکی مۆدێرن.

**لە هەواڵی نوێ وەرگیراوە**

## کوردستان

١-پەرلەمانی تورکیا و نوێنەرەکانی دەمپارتی لە گفتوگۆدان.

٢-هەرێم داهاتی نانەوتی ڕادەستی بەغداد کرد.

٣-یادی هەشت ساڵەی ریفراندوم بو لە هەرێم.

٤-هەرێم بەغداد ڕێککەوتن بەم نزیکانە موچەی مانگی حەوت دەدرێت.

٥-ماوەیەکە کوشتن و تۆڵە سەندنەوە لە نێوان عەرەب و کوردا ڕوو ئەدات ئەمە دیاردەیەکی خراپە

٦-هێرشکردنە سەر هەسەدە و دەرکەوتنەوەی د ا ع ش.





## عێراق

١-گفتوگۆکان لە نێوان هەولێر و بەغدادا بەردەوامی هەیە و تا ئاستێک بەرەوپێشچونی باشی بە خۆیەوە بینیوە.

٢-عێراق سزای ٢ ملوێن دیناری سەپاند بەسەر ئەو کاندیدانەی پێش وادەی هەڵمەتی هەڵبژاردن کاریان بۆخۆیان کردوە.

---

سەرۆک وەزیرانی عێراق ڕێککەوتنی لەبارەی ڕادەستکردنی نەوتی هەرێم بە سۆمۆ ڕاگەیاند.


محمد شياع السوداني
@mohamedshia
X.com

توصلنا اليوم إلى اتفاق تاريخي تتسلّم بموجبه وزارة النفط الاتحادية النفط الخام المنتج من الحقول الواقعة في إقليم كردستان، وتقوم بتصديره عبر الأنبوب العراقي التركي، ويضمن ذلك التوزيع العادل للثروة، وتنويع منافذ التصدير، وتشجيع الاستثمار.

إنجاز انتظرناه 18 عاماً.

# ئەمریکا و قەتەر دۆخی نوێ

زەلمای خەلیلزاد دەگێڕێتەوە، جارێک لە دوحە لە هەمان ئوتێلدا بوون لە گەڵ عبدالسلامی نوێنەری تالیبان، لە میانەی دانوستانی ئەمریکا و تالیباندا. ڕۆژێک زەلمای دەبینێت کە عبدالسلام وەستاوە و تەماشای حەوزی مەلەی ئوتێلەکە دەکات کە ئافرەتی تیادا بەجلی مەلەی ڕۆژئاوایی یان بکینی مەلە دەکەن.

زەلمای بە عبدلسلام دەڵێت برادەر لە بەهەشت دەچێت. عبدالسلام پێی دردۆنگ دەبێت.

ئەم سەربوردەیە دەرخەری پێگەی قەتەرە لە ناوچەکە، کە تیایدا ئافرەتی نیمچە ڕووت، نوێنەری تالیبان، لە گەڵ نوێنەری ئەمریکا و زۆری تر لە هەمان شوێندا کۆ دەکاتەوە. جێگایەکی وەها دەگمەنە. بەڵام وەها دیارە بەرەو کۆتایی دەچێت.

ئەو جێگایەی کە ئیسرائیلییەکان هێرشیان کردە سەری لە دەوحە، تەنها ١٣ کیلۆمەتر لە باڵوێزخانەی ئەمریکاوە دوور بوو، هەروەها تەنها ٤٤ کیلۆمەتر لە گەورەترین بنکەی سەربازی ئەمریکییەوە دوور بوو. لە هەمانکاتدا وەک لە مانگی ئایاردا بینیمان قەتەرییەکان خۆیان وەها دەبینی کە نزیکترین کەسن لە دۆناڵد ترامپەوە، فڕۆکەی تایبەتیان پێ بەخشی و بە تریلیون دۆلار وەبەرهێنان و چەککڕینان بە ئەمریکا بەخشی. بەڵام هیچی نەبوە ڕێگریی لەوەی قەتەر هێرشی بکرێتە سەر.

یەکێک لە خوێندنەوەکان بۆ هێرشەکە ئەوەیە کە ئامانجی هێرشەکە گەرچی ڕاستەوخۆ سەرکردەکانی حەماس بوو، بەڵام بە ناڕاستەوخۆ ئامانج قەتەر بوو.

لە ئەنجامی ئەمەدا قەتەر هەست دەکات نە دەتوانێت بڕوا بە ئەمریکا بکات، نە ئیسرائیل، بەڵام لە هەمانکاتدا بنکەی سوپای تورکی لە قەتەر بونی هەیە، بەڵام هیچ سودێکی نەبوو. قەتەرییەکان هەر ئەوەنیە نیگەران و پەشۆکاون، بەڵکو زۆربەی سیستەمەکانی داتا کۆکردنەوە و سیخوڕییان لە لایەن کۆمپانیا ئیسرائیلیەکانەوە بەڕێوە دەبرێت.

مشتومڕی ئەوەی ئەمریکا ئاگاداربوو یان نا، جۆرێک لە ساویلکەیی بوو. ڕەنگە هۆکاری خۆ بە دوورگرتنی ترەمپ ئەوەبێت کە پرۆسەکە سەرکەوتوو نەبوو. بەڵام گومانم هەیە لەم دیدە. ئەمریکا یان لایەکی تر هەواڵی هێرشەکەی بە شاندەکەی حەماس داوە، کەمێک پێش هێرشەکە. دەنگۆی ئەوەی کە شاندەکە مۆبایلەکانیان لەوێ جێهێشتوە، وەک نوکتە دەچێ. چونکە ئەگەر شاندەکە بزانن مۆبایلەکانیان لە لایەن ئیسرائیلەوە چاودێری دەکرێت ئیتر چۆن هەڵیدەگرن.

دەنگۆی ئەوەی کە ئەمریکا درەنگ زانیویەتی دیسانەوە مایەی پێکەنینیە. بەڵام ئەمریکا نەیزانیبێت، یان درەنگ زانیبێتی یان هەر کە سەرەتاوە ئاگادار بوبێت، هیچ لەوە ناگۆڕێت کە قەتەر و هەموو کەنداو و ناوچەکە، ڕووبەڕوی دۆخێکی نوێ دەبنەوە.

ئەم دۆخەش خۆی لەوە دەبینێتەوە کە ناتوانن پشت لە ئەمریکا بکەن، بەڵام هەتا بێت زیاتر و زیاتر هەست بە نادڵنیایی دەکەن.

لە ڕاستیدا قەتەرییەکان و کەنداوییەکان لە غرورێکی باڵادا دەژیان کە هێزی ئیقلیمین و دۆستی ئیسرائیلن و ئەمریکایان لە ڕێگای پارەکانیانەوە کڕیوە. هەموو ئەم پرۆسەیە تڕ کەڵەکە دەرچوو.

سەرەتای ئەم مانگە ئیسرائیل مانگێکی دەستکردنی تایبەت بە سیخوڕی هەڵدایە ئاسمان. سەتەلایتەکە ناوی ئوفوق ١٩یە. ئوفوق لە زمانی عیبریدا وەک عەرەبی بە مانای ئاسۆ دێت.


ئەم سەتەلایتە سیخوڕی بە سەر وڵاتانی دەوروبەری ئیسرائیلەوە دەکات، ئەوەی مایەی سەرنجە لە وڵاتە سیخوڕیی لە سەر کراوەکان عێراقی تیادا نیە.

کەنداوییەکان هەڵەی گەورەیان کرد کە ترەمپیان پێباش بوو. چونکە ترەمپ چەندێک لە کەنداوییەکانەوە نزیک بێت، مانای ئەوە نیە، کە دۆستیانە.

سیستەمی لیبرالی جاران کەنداوی دەپاراست هەتا ئاستێک. بەڵام ئەوە چیدی لە ئارادانیە. لە ڕاستیدا ترەمپ نەک وەک هەڕەشە بەڵکو وەک دەرفەتی بینی.

باڵایی تەکنەلۆجی، نەمانی بەها و یاسا و ڕێسای نێودەوڵەتی، وڵاتانی بچوک ناپارازێت، چونکە زۆر بە سادەیی کارتیان نیە. یان هێزیان نیە.




مانگی یانزە محمد بن سلمان سەفەر دەکات بۆ واشنتۆن. بڕیار وەهایە چەند تریلونێکی تر سەرف بکات. بەڵام بێگومان لە دۆخێکی نادڵنیایی زیاتردا.

سەردەمی داهاتوو سەردەمی ناسەقامگیریی و بێبەهایی و ململانێی زۆر دەبێت کە هێزە تەقلیدییەکان تیایدا ڕۆڵیان لاواز دەبێت. تەکنەلۆجیای باڵا، ژیریی دەستکرد، ڕۆڵی گەورە تیادا دەبێت. بە گشتی ئێمە بەرەو دۆخێک دەڕۆن ئەگەر خاوەن سەرچاوەی زانستی پێشەنگ نەبێت، دەبێت بەلای کەمەوە ژمارەی دانیشتوانت لە ٢٠٠ ملیون کەمتر نەبێت هەتا لە دونیادا پێگەت هەبێت. دونیا دەبێتەوە جەنگەڵ. بەڕێوەبردنی دونیا وەک شوانیی پشیلە دەبێت. پشیلەش شوانیی ناکرێت.

# شرۆڤەکارێکی سیاسیی: ئەمریکا سوورە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی



ویستگەنیوز_ شرۆڤەکارێکی سیاسیی دەڵێت: سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بەهۆی ترسیان لە هێرشەکردنە سەریان لەلایەن ئەمریکاوە رازی نەبوون پرۆژە یاسایی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت. ئەمڕۆ سێشەممە 9ـی ئەیلوولی 2025، کازم زوبەیدی، شرۆڤەکاری سیاسیی و ئەمنیی رایگەیاندووە: سەرکردەکانی حەشدی شەعبی بەهۆی ترسیان لە هێرشەکردنە سەریان لەلایەن ئەمریکاوە رازی نەبوون پرۆژە یاسایی حەشدی شەعبی لە پەرلەمانی عێراق دەنگی لەسەر بدرێت، چونکە لە ئەگەری دەرچوونی ئەم پرۆژە یاساییە مەترسی بۆ سەر هەموو هێزەکانییان دروست دەبێت. ئاماژەی بەوەشداوە، ئەمریکا و هاوپەیمانان کۆکن لەسەر ئەوەی نابێت حەشدی شەعبی بمێنێت و دەبێت هەڵبوەشێندرێتەوە، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئەو دەستەیە ڕایانگەیاندووە، دەکرێت لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی دیکە تێکەڵ بکرێت، بەڵام ئەم داوایە لەلایەن ئەمریکاوە بە تەواوی ڕەتکراوەتەوە و سوورن لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، پاشان سەرۆک وەزیرانی عێراق هەوڵیداوە لە ئەمریکا نزیک ببێتەوە و چاوی بە دۆناڵد ترەمپ بکەوێت. بە وتەی کازم زوبەیدی، "هێرشەکانی ئەمڕۆی ئیسرائیل بۆ سەر حەماس لە قەتەر، بە واتای ئەوە دێت، دەبێت کۆتایی بە هەموو هێزە چەکدارەکان بهێندرێت. چوارچێوەی هەماهەنگیی شیعە، چەندین مانگ خەریکی تێپەڕاندنی پرۆژە یاسای دەستەی حەشدی بوو، بەڵام ئەمریکا داوای هەڵوەشاندنەوەی دەستەکە بەتەواوی دەکات و قاسم ئەعرەجی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی عێراقیش دووپاتی کردەوە کە: رێگە بەدۆست و دوژمن نادەن داوای هەڵوەشاندنەوەی حەشد بکات.

## ئەڵێن جەنگە و هەریەک لە خەیاڵێ

### ستار محەمەد



فڕۆکەو موشەک و درۆن
بە ئاسمانا دێن و دەڕۆن
هیچ نابینم ، هیچ نابیستم
وا دەزانم وەهم و درۆن !!
لە ئاسمانی خەیاڵم دا
هەر ڕوخساری تۆم لێ دیارە
تریفەی مانگ وئەستێرەت
بەسەرما دەکا قەتارە
کە چاوانت نیگا دەکەن
شاری دڵم شەوبێدارە
بورجی عەشقم دادەگیرسێ و
کەشتی ڕوحم لە ئینزارە
هەموو هەستم دەبێتە گوێ و
تەواوی دڵم ڕادارە !!

## هـــــەڵەبـــجە

شـــاری شارانم هەڵەبجە نیشتمانی جـــوانی
لەنێو شـــارانە جوانترین بوکـــی کوردســتانی
چـــوار دەورت ســەیرانگاو باخ و گوڵـــستانە
خۆشـــترین جێ ژوانگەی یـــاران و عاشـــقانە
نیگایەک لەجـــوانیت بەهەشـــتی سەر زەمینە
تابلـــۆی نەخشـــێنراوت لەنێو جیهانە یەکەمینە
بڕوانە ســروشتی شـــار لەشاخ و باخ و جوانی
لەگەڵ ڕازاوەیی دیمـــەنی مانـــگ ئاوێزانـــی
نەخـــشی دیمـــەنی باڵامبۆ لەگەڵ شـــنروێ
مـــێژوو دەڵێ شـــار ســـەری بەرزەو ناسـرەوێ
ئاواتـــی چەندین دوژمـــنت خستـــە ژێر خـــاک
ناوت بەرزەو سەری دوژمـــن بەوێنەی زوحـــاک
ناحەزانی کـــوردت ڕســـواکرد نەما دەنگوباسی
تۆ بۆ مێژوومان کرای بەسیمبولی کوردنـــاسی
مێژوو پێمان دەڵێ لەقوربانیدان تـــۆ پێشەنگی
بۆ پێکەوە ژیانی هەمـــووان تـــۆ یەک ڕەنـــگی

### ئارام مجید شەمێرانی



# هەی داد، هەی بێداد، کورد بێدار نیەن
# لە زانایێن خۆ خەوەردار نیەن

بۆ یەکەم جار هەندێک شت ببیستە.

دەستەی دامەزرێن و ئەندامانی کارای کۆڕی زانیاریی کورد ناویان لەگەڵ شوێنەزا و ساڵی لەدایکبوون و کۆچکردنیان

١. دکتۆر ئیحسان شێرزاد (هەولێر، ١٩٢٥-٢٠١٥) (سەرۆکی کۆڕ، ١٩٧١-١٩٧٦)
٢. عەلائەددین سەججادی (دێی باراو، بەرزنجە، ١٩٠٧-١٩٨٤)
٣. عەبدوڕڕەحمان هەژار (هەژار موکری) (مهاباد، ١٩٢٠-١٩٩١)
٤. دکتۆر ناجی عەبباس ئەحمەد (کەرکووک، ١٩١٢-١٩٨٤)
٥. دکتۆر عەبدوڵڵا نەقشبەندی* (هەولێر، ١٩١٥-٢٠٠٠)
٦. دکتۆر پاکیزە ڕەفیق حیلمی (سلێمانی، ١٩٢٤-٢٠٠٣)
٧. شێخ محەممەدی خاڵ (سلێمانی، ١٩٠٤-١٩٨٩)
٨. مامۆستا عەزیز ڕەشید ئاکرەیی (ئاکرێ، ١٩٢٥-١٩٩٨)
٩. دکتۆر کەمال مەزهەر (سلێمانی*، ١٩٣٧-٢٠٢١)
١٠. مامۆستا مەسعوود محەمەد (کۆیە، ١٩١٩-٢٠٠٢)
١١. دکتۆر ئەحمەد عوسمان* (گوندی گرتک، ١٩٣٠-٢٠١٤)

کوردانی دەرەوەی عێراق:

دکتۆر عەبدوڕڕەحمان قاسملوو (ورمێ، ١٩٣٠-١٩٨٩)

دکتۆر قەناتی کوردۆ (دێی سووسز، ١٩٠٩-١٩٨٥)

* عەبدوڵڵا نەقشبەندی ساڵی ١٩٦٧ دەبێتە وەزیری داراییی عێراق. ئەوە هیچ. ساڵی ١٩٧٢ دەکرێتە سەرۆکی ئەنجومەنی چاودێریی دارایی. جا بەپێی یاسای ژمارە (٤٠)ی ئەو وڵاتە کە دەڵێت، نابێت ئەو پۆستمەندانە ببێتە ئەندامی هیچ فەرمانگەیەکی سامیری (شبه رسمي)، ناچار دەستی لە ئەندامێتیی کۆڕ کێشاوەتەوە. ڕۆژی ١٤ی نیسان، ١٩٧٢ نامەکەی ڕادەست کردووە.

** بیرۆکەی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری هیی دکتۆر ئەحمەد عوسمان بووە. ساڵی ١٩٦٠، ئەودەم کە لە ڕووسیە بووە، ئەو بیرەی بە زەیندا هاتووە. ساڵی ١٩٦٩، لە بەغدا، ئەو پێشنیارەی داوەتە ئیحسان شێرزاد. دواتر ئەوە بە نامە بۆ بەڕێزان: شێخ محەممەدی خاڵ و دکتۆر عەبدوڕڕەحان قاسملوو دەنێرن و پایزی ئەو ساڵە لە هۆڵی (ئیبن هەیسەم) بۆ تاوتووی ئەو پرۆژەیە کۆ دەبنەوە. دوای پێنج شەش مانگێک هەلێکی لەبار هەڵدەکەوێ (١١ی ئاداری ١٩٧٠) و کۆڕ دادەمەزرێنن.

تالاری کۆڕی زانیاری

دامەزراوەی خێرخوازیی "گولبەنکیان" تالارێکی شایستەی "سەروو ٢٠٠،٠٠٠ دیناری"ی کردە دیاریی گەلی کورد و کۆڕی زانیاری. دەستوبردێکیان کرد و تالارەکەیان بەزوویی بنیات نا. هەژار لە "چێشتی مجێور"دا نووسیویەتی "گول بەنگی یان" ـ ماڵپەڕی ڤەژینبووکس لە شێوەی وشەیەکی لێکدراودا کردوویە بە "گولبەنگییان"، واتە، دوو (ی) لە وشەکەدا هەن؛ وەک بێژی لە "گولبەنگی + ی + ان" پێک هاتبێت، کە وا نییە ـ گولپەنکیان، یان گولبەنکیان ( ،Կիւլպէնկեան)ناوی کالۆست گولپەنکیان بوو (١٨٦٩-١٩٥٥) بازرگانێکی خوداپێداو و خێرخوایەکی ئەرمەنی بوو کە بە دارایی و ماڵی زۆری پڕ خێروبێری خۆی، کە لە چوار لای دنیا (واتە: all over the world) یەک دنیا ڕێگەوبان و تالاری بۆ زانستگە و قوتابخانە و شانۆخانە و مۆزەی هەر شتێکی بەندیوارێکی بە زانست و فێربوونەوە هەبێت، ساز کردووە. دامەزراوەی خێرخوازیی گولپەنکیان لە زووەوە هاتووەتە عێراق و کەوتووەتە ئاوەدانکردنەوەی شار و گوندان. جێی خۆیەتی گەلی کورد ئەوانەی لە هەر قۆناغێکدا یارمەتییان کردووە بیانناسێت و ڕێزیان بگرێت ـ سەرەتا کە هەژمارێکم لە فەیسبووکدا کردەوە، داوایەکم لە حکومەتی هەرێم و وەزارەتی ڕۆشنبیری کرد کە بچن هونەرمەند عارف ئیبراهیم پوور بانگێشت بکەن و ئەوپەڕی ڕێزی لێ بنێن هەتا سبەی خەڵکی بەهرەمەندی گەلانی دی بە خۆیان ڕابپەڕموون کە بێنە کۆڕی خەباتمان، بەس دیار بوو کاتی منیان نەبوو.

.برادەرێکی ئەرمەنم وتی یارمەتیم بدە هەنێ شت لەسەر زمانەوانەکانی وڵاتی خۆم بدۆزمەوە لەنێو کتێبان، وتی پۆستم کرد سێ هەزار جار شەیر کرابوو. وتم سەیر نییە، ئێوە گەلێکی چاوکراوە و ڕۆشنبیرن.

جا پرسیاری کرد، وتی لای ئێوەش وایە؟ وتم نازانم. من زۆر تێکەڵ نیم و خەڵکم زۆر بە دوورەوە نییە، بەڵام بەدڵنیاییی ئێمەیش خەڵکی خوێندەوارمان زۆرە

ناردنی بەڕێز مامۆستا Ziyad Es'ed

لە فەرهەنگی ژین وەرگیراوە

دەستەی دامەزرێن و ئەندامەکانی کۆڕی زانیاریی کورد





## بیرتدەکەم

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی

بو بەساڵێک ، تۆ بێدەنگی و
منیش گوێی خۆم هەڵخستووە.
زۆر تامەزرۆی وشەیەکم
لەزارتەوە ، نەمبیستووە.
بو بەساڵێک هەرنەهاتی
چاوەڕوانیت بەئازارە
بیرتدەکەم ،بەڵام چیبکەم؟
کۆچت ، مەرگەو دوادیدارە..
بو بە ساڵێک ،حەزمدەکرد
چاوم کەوێت بەڕوخسارت
گوێم کەیلکەی بەدەنگی خۆت
شاگەشکەبم ،بەدیدارت.
تۆ کەی وا بوی ؟ کەی دڵڕەقبوی؟
وابڕۆیت و نەیەیتەوە.؟؟!
دڵم دەڵێ بۆیە واتکرد .
تا خۆتم لەبیربەیتەوە..
نا..ئازیزم،سیما و شێوەت
بۆهەمیشە لەچاومایە
دەنگ و سۆزی میهرەبانیت
لەگەڵ شنەی ڕۆحمدایە.
بەڕۆشتنت ،لەیادناچیت
من بیر لەتۆ دەکەمەوە
بەیادەکانت ،سەبوری
ئەم دڵەی خۆم دەدەمەوە.

# ئازاد هەورامی

سیمبولێک بۆ جوانی، سیمبولێک بۆ پێشمەرگە، سیمبولێک بۆ شەهید
کانیەک لە پاکی،
ڕووبارێک لە خۆشەویستی و
کەمانە ڕەنگینەیەک لە بەهرە!
ئاسمانێک لە هیوا،
لوتکەیەک لە بەرزی و
زنجیرە چیایەک لە ورە!

یانزە ساڵ لەمەوبەر، لە یادی شەهیدی نەمر، ئازاد هەورامی، لە لەندەن. هەفتەی داهاتوو، نامیلکەی یادی شەهید ئازاد هەورامی، بە دیجیتاڵ بڵاو دەکەمەوە، هەرچەندە ویستم ئیمرۆ لە فەیسبووکدا بڵاوی بکەمەوە، بەڵام بەداخەوە لەبەر کێشەی تەکنیکی نەمتوانی لە یادی ٣١ی شەهیدبوونیدا بڵاوی بکەمەوە.

بەو هیوایە بتوانم هەفتەی داهاتوو بڵاوی بکەمەوە.

## ڕیپۆرتاجێك لەسەر فێستیڤاڵی
## یادی 20 ساڵەی شەهیدبوونی ئازاد هەورامی

هەژار کانی مارانی

لە بانگەوازی یادکردنەوەکەدا هاتبوو: "تا ئێستا وا هاتووە ئەگەر یادی شەهیدێك کرابێتەوە، یان حزب یان کەسوکار بەو یادە هەستاون. لە کاتێکدا هەموو ئەوانەی لە پێناوی خواست و ئامانجەکانی خەڵکدا شەهید بوون، سەر بە هەر حزب و لایەنێك بووبن یان نەبووبن، موڵکی هەموو میللەت و شەهیدی هەمووانن. هەروەها هەمووشیان شایانی ئەوپەڕی ڕێز و خۆشەویستی و یادکردنەوەی شایستەن.

هەر لێرەوە و لەم هەستەشەوە، لای هەریەك لە ئێمە، کە هاوڕێ و دۆستی کاك ئازاد بووین، یان هەمانە کاك ئازادی بە چاو هەر نەشدیوە، بیرۆکەی ئەم یادە سەری هەڵداوە.

یادکردنەوەی کاك ئازاد لە دیدی ئێمەدا، یادکردنەوەی هەموو ئەو شەهیدانەیە کە لە ژیانیاندا نموونەی بیر و گفتار و کرداری جوان بوون. یادکردنەوەی ئەو مرۆڤە مەزنانەیە کە لە ویژدانی ئێمەدا هەمیشە زیندوون."

فێستیڤاڵەکە تێکرا، پێنج سەعات و نیوی خایاند. لە سەعات 1:30ی 31ی ئابی 2008دا بەرنامەی یەکەمی فێستیڤاڵەکە دەستی پێ کرد. ئەویش پێشانگایەکی فۆتۆگرافی بوو، کە تێکڕا 72 وێنەی لە خۆ گرتبوو. بە وێنە چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتی منداڵی و پێشمەرگایەتیی کاك ئازاد دەگێڕدرایەوە.


سەرووی 400 کەس، نیوسەعاتی یەکەمی پرۆگرامەکانیان بە تەماشاکردنی وێنەکان بەسەربرد.

جێی وتنە کە پێشانگاکە لە لایەن هونەرمەند عوسمان قادر و نووسەر و هونەرمەند چۆمان هەردییەوە سەرپەرشتی دەکرا.

لە سەعات 2ی تەواویشدا "گالەری برونێی سەوەس" لە زانکۆی لەندەن، نەك هەر هەموو کورسییەکانی بەڵکو سەر قادرمە و ڕاڕەو و کۆڵانەی نێوان ڕیزە کورسییەکانیش پڕ بوون بەو میوانانەی کە بۆ ڕێزنواندن زەحمەتی هاتنیان کێشابوو، هەیان بوو لە کوردستانەوە و هەشبوون لە وڵاتەکانی دیکەی ئەوروپا و لە شارەکانی دیکەی بەریتانیاوە هاتبوون.

مۆسیقایەکی ئارام، هۆڵە تاریکەکەی لە ئامێز گرتبوو، دوای خوولەکێ 10 منداڵ، بە جلوبەرگی کوردییەوە هەریەکە و دوو مۆم بە دەستەوە، یەک بە دوای یەکدا، لە دەرگای پشتەوەی ستەیجەکەوە دەرکەوتن. لەسەر ئاوازی "مۆنامۆ" بە بێدەنگی و ڕێزەوە مۆمەکانیان لەسەر لێواری پێشەوەی ستەیجەکە دانا و بە هەمان ڕێچکەدا گەڕانەوە. ڕۆشنایی 20 مۆم، لە 20 ساڵەی شەهیدبوونی کاك ئازادا، بایی ئەوە هۆڵەکەیان ڕووناك کردەوە کە ئەو وێنە دەستکردە باڵانمایەی کاك ئازاد دەرکەوێ کە لیڤا کوێستانی بە چەندین ڕۆژ کارکردن لە سەری ئەنجامی دابوو. هەر لە پشتی مۆمەکانیشەوە، تابلۆیەکی گەورەی گوڵچن کە بە گوڵ هەم ئاڵای کوردستان نەخشێنرابوو و هەمیش نووسرابوو 20 ساڵەی شەهیدبوونی ئازاد هەورامی.






بۆ سێ دەقیقە جگە لە ورشەی ئەو 20 مۆمە، جگە لە شەپۆلی ڕاژێنەری ئەو مۆسیقا ئارامە، شتێکی دیکەت نەدەبیست.

لەگەڵ وەستانی دەقیقەیەك، بۆ گیانی پاکی شەهیدان هۆڵەکە ڕۆشن بۆوە. مامۆستا ئارام، وتەی دەستپێکردنی، لەجیاتیی دەستەی سەرپەرشتیی یادەکە، خوێندەوە. ڕووناك شوانی و گەلاوێژ ئامێدی پرۆگرام و چالاکییەکانیان بە خەڵك دەناساند. گەلاوێژ پەرەگرافی یەکەمی نووسینی "لە دامێنی لوتکەیەکدا"ی خوێندەوە. تا جێ بۆ هەڤاڵ کوێستانی چۆڵ بکات، ڕۆشنایی بخاتە سەر فیکر و کەسایەتیی کاك ئازاد.

تیپی منداڵان کە لە لایەن عەدنان شاسوارەوە پرۆڤە و ڕاهێنانیان پێکرابوو، سروودی "ڕێی خەباتمان"یان پێشکەش کرد. دوابەدوای ئەوە فیلمێکی پەنجا دەقیقەیی پێشاندرا. لە فیلمەکەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسوکار و هاوڕێ و دۆستان و پێشمەرگەی دێرین، ڕۆشناییان دەخستە سەر قۆناغە جیاجیاکانی ژیانی کاك ئازاد. هەر لە منداڵییەوە تا شەهیدبوونی. لە فیلمەکەدا، دەنگی چۆمان هەردی وەک باکگراوندێکی هونەریی بەهێز ڕێنمایی بینەرانی دەکرد لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی دیکەی ژیانی کاك ئازاد. بۆ ئەنجامدانی ئەم فیلمە دەیان چاوپێکەوتن لە کوردستان لەگەڵ بەشدارانی ئەو فیلمە ساز درابوو، بە کامێرای ئەحمەد پێنجوێنی. ئامادەکردن و دەرهێنانی فیلمەکە لە لایەن هونەرمەند ئاکی بابەمیرییەوە ئەنجام درابوو. ئەم فیلمە جوانییەکی دیکەی بە فێستیڤاڵەکە دا.

برگەی دوای ئەوە، کارە مۆسیقییەکەی هونەرمەندان "بڵند و ئاریا" بوو، کە لەڕێی چەندین ئامێرەوە، وەك گیتار و عود و باڵەبان،

دەف و زەرب و ڕەین ستیك و ئودو، تابلۆیەکی مۆسیقیی هەستبزوێنیان بەرهەم هێنا. کە نۆرە هاتە سەر سەفوەت جەلال، هەم بیرەوەریی خۆی لەگەڵ کاك ئازادا باس کرد و هەمیش دوو لەو سروودانەی بە دەنگی زوڵاڵی خۆی وت کە وەختی خۆی لە ناوەڕاستی هەفتاکاندا لەگەڵ کاك ئازاد، پێکەوە، ئاوازیان بۆ داناوە و وتووشیانە.

دوابڕگەی بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە بۆ هاوسەری کاك ئازاد، شنۆ شاسواری بەجێهێڵرا. خاتوو شنۆ، بە دەنگێکی پڕ لە سۆز و کاریگەرەوە، باسی ئەزموونی هاوڕێیەتی و هاوسەری و... دواچرکەکانی ژیانی کاك ئازادی دەکرد و خالید ڕەشیدی هونەرمەندیش بە باڵەبانەکەی مۆسیقای هەستبزوێنی دەخستە ناو وشەکانی خاتوو شنۆوە.

ئەم دوابڕگەی بەشی یەکەمی پرۆگرامەکە بە هەستان و چەپڵەلێدانی سەرتاپای هۆڵەکە کۆتایی هات کە تێکرا دوو سەعاتی خایاند.

دوای نیوسەعات پشوو، لە سەعات 4:30دا بڕگەی یەکەمی بەشی دووەمی پرۆگرامەکە بەوە دەستی پێکرد کە سیاسەتمەدار و ڕۆشنبیری کورد د. عومەر شێخ مووس هەندێ بیرەوەریی خۆی لەگەڵ کاك ئازاد، باس کرد. دوابەدوای ئەویش مامۆستا پشکۆ نەجمەدین یادەوەرییەکانی پێشمەرگایەتی لەگەڵ کاك ئازاد بە ناونیشانی "پیاوێك لە جوامێری" پێشکەش کرد. دواتریش  هەر یەك لە حاکم عومەر و شۆڕش حاجی و هوشیار عابد و عەلی کەریمی و.... ئەمجا لەتیف عەبدوڵڵا و خەباتی کەریم مەلا مارف و جەواد سەعید و سەربەست کەرکووکی و سەردار ئەمین بیرەوەریی و تێڕوانینەکانی خۆیان سەبارەت بە کاك ئازاد باس کرد. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری بیرەوەرییەکان، بیرهێنانەوەی تاڵییەکان نەبوون، زیاتر ئەو دیمەنانە بوون کە زۆر جار هۆڵەکەی پڕ دەکرد لە زەردەخەنە و پێکەنین.

پاشان بۆ ماوەی (10) خوولەك فیلمێکی سلاید، کە لە لایەن دڵشاد کەریمەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش کرا. بۆ (10) خوولەك، وێنە قسەی دەکرد و مۆسیقای پڕ لە هەست و نەستی هونەرمەند خالد ڕەشیدیش لە پشتی وێنەکانەوە، فەزایەکی تری دایە ئەو چەند ساتەوەختە.

بەر لە کۆتایی، سامی هەورامی (برای کاك ئازاد) لە وتەیەکی کورتدا، سوپاسی هەمووانی کرد بۆ ئەو یادە پیرۆزە.

بەرلەوەی ستەیج بۆ دوایین بڕگەکانی پرۆگرامی فێستیڤاڵەکە چۆڵ بکرێ، مەلا خدر، وتەی کۆتایی لەبریی دەستەی سەرپەرشتیی یادەکەوە خوێندەوە و دوابڕگەی یادەکە بە تایبەت ئامادە کرابوو بۆ ڕێزلێنان لە توانا و بەهرەی هونەری کاك ئازاد.

دوایین بەش، بە دەنگە سازگار و پڕ لە جۆشەکانی هونەرمەندانی ناسراوی کورد؛ خالید ڕەشید و نەجمەدینی غوڵامی ڕازایەوە.

هەردوو هونەرمەندی هێژا، هەریەکە و بە جیا، بۆ ماوەی پتر لە نیو سەعات، میوانانیان خستە ناو دنیایەکی پڕ لە سیحری دەنگ و مۆسیقاوە.

بەرلەوەی میوانەکان شوێنەکانی خۆیان چۆڵ بکەن، عەتا موفتی لەبریی دەستەی سەرپەرشتیی یادەکە، سوپاسی زەحمەت و ماندووبوونی هەمووانی کرد. سوپاسی میوانە بەڕێزەکان بۆ هاتن و ئامادەبوون و ڕێزپێشاندان بۆ شەهیدان، هەموو ئەوانەی لە بەرهەمهێنانی ئەو فێستیڤاڵەدا، بە شێوەیەکی خۆبەخش کاریان کردبوو، هەروەها هونەرمەندان خالید ڕەشید و نەجمەدینی غوڵامی، بڵند و ئاریا کە هەر هەموویان خۆبەخشانە بەشدارییان کردبوو.

هاوکات سوپاسی خاتوو شلێر باهیر، فیلمبەردار و تەکنیکارەکان، هونەرمەند حەمە جاف و بەشدارانی دیکە کرا.

شایانی باسە، چەند ئەندامێکی ڕێکخراوی چاك، لە لەندەن، لە ڕۆژی یادەکەدا چالاکانە هاوکارییان کرد.

لە سەعاتی حەوتی تەواویشدا، لەگەڵ هەستان و چەپڵەی گەرمی میوانەکاندا، کۆتایی بە دوابڕگەکانی پرۆگرامەکانی فێستیڤاڵەکە هات. دەبێ ئەوەش بوترێ کە هەر لە سەرەتای کردنەوەی هۆڵەکەدا تا کۆتایی، هەموو جلوبەرگ و کەلوپەلەکانی کە لە کاك ئازاد بە جێ مابوون، لەسەر مێزێکی پاڵ دەرگای گالەرییەکەدا، کە لە لایەن خاتوو "وەفا" وە نمایش کرابوون، لە کەمی و سادەیی ئەو شتانەی لە کاك ئازاد بە جێ مابوون، ئەوەندەی تر گەورەیی و پاکی ئەو مەزنەت دەبینی.






هەر لە میانەی پرۆگرامەکانیشدا، لەسەر شاشەی گەورەی ستەیجەکە، سایتی ئەلکترۆنیی ئازاد هەورامی www.azadhewrami.org  پێشان درا، کە تێکڕا لە لایەن پێشڕەو نامۆوە بەرهەم هێنراوە و لەگەڵ کۆتاییی فێستیڤاڵەکەشدا، کتێبی "لە دامێنی لوتکەیەکدا" بەسەر میوانەکاندا دابەش کرا، کە پڕە لە نووسین و بیرەوەریی و وێنە سەبارەت بە کاك ئازاد.

فێستیڤاڵەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی، لە نمایشێکی هونەری، ئەدەبی، مۆسیقی دەچوو، ئەگەرچی بەرنامەکان چڕوپڕ و زۆر بوون و پێنج سەعات و نیویان خایاند، بەڵام جگە لە نیشانەی ڕەزامەندی و پەرۆشیی زۆر، هیچ نیشانەیەکی دیکەت بە دەموچاوی میوانەکانەوە نەدەدی.

(ئەم ڕیپۆرتاجە بۆ یادی پرشکۆی بیست ساڵەی شەهیدبوونی ئازاد هەورامی ئامادەکراوە کە بۆ یادی بیست ساڵەی شەهیدبوونیەوە، لەهۆڵی زانکۆی سەوەسی لەندەن بەڕێوەچوو.)

هەڤاڵ کوێستانی

# لە قەندیلەوە ، وەڵامت بۆ دەنێرمەوە !!



(فازیل شێخ عەلی سەرکۆیی)* پێشمەرگەی کەرتی (٣)ی تیپی (٥٥) قەرەداخ بوو ، گەنجێکی هێمن و شەرمن و زمان شیرینی بە جەربەزەو لە خۆ بردوو بوو، ڕۆژانە هاوکاری هاوڕێ پێشمەرگەکانی دەکرد وکارە قورسەکانیانی بۆ جێ بەجێ دەکردن.

دوای شەڕێکی بەرەیی نابەرامبەری هێزەکانی پێشمەرگە ،لە ئەنفالی( یەک و دووو،سێ و شەش) ، بەرامبەر بە سوپای عێراق و جاش ، پێشمەرگەکانی تیپی (٥٥) ی قەرەداخ ، لە قەڵاتوکانی بناری قەندیل گیرسانەوە.

فازیل بە بەردەوامی لە قەندیلەوە هەناسەی بۆ گوندی سەرکۆ و قۆپییەکانی قەرەداخ هەڵدەکێشا ، هەموو خەون و ئاواتێکی ئەوە بوو ،وەک پارتیزانێک بگەڕێتەوە بۆ قەرەداخ و گەرمیان .

عەشقی ڕۆحی ئەو شۆخەی(سەرکۆ)** ژیانی لێ تاڵ کرد بوو ، ڕۆژێک لە سەنگەرەکەی دا ، چیرۆکی خۆشەویستەکەی ، بۆ (ڕزگار مستەفاو شوانەی مامە عەبە) گێڕایەوە.

ئەوانیش ، سەریان دەخستە سەری و پیان دەوت:

- تۆ چۆن عاشقیت و کۆمەڵەیت ؟ ، دەبێت یەکیکیان هەڵبژێریت.

فازیل بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە بەرائەتەکەی وبە شەرمەوە پێ ی دەیوت:

-ڕەخنەم لە کۆمەڵەیە ، من ( کۆمەڵە ودایکم و نیشتمان)ەکەم خۆش دەوێت، مەرگ نەبێ کەس ناتوانێت عەشقی ڕۆحی دڵدارەکەم بکوژێنێتەوە.

ڕزگاری عەبدوڵا هەورامی گۆرانی (لالە بەدەستان)ی بە دەنگی مامڵێ ی بۆ دەوت، باڵی خەیاڵی فازیل لە قەندیلەو دەگەیشتە بەر دەم دەرگای ماڵی خۆشەویستەکەی سەرکۆی قەرەداغ:

عیشقت بێچارەی کردووم دڵ سووتاوە لە وێ دا
زولفت بادەی شا دێنێ بە کوێستان و بە وێ دا
دەنگی بولبول و قومری دێ لە نیوە شەوێ دا
دڵ بە لێوئاڵێ بەندە بۆیە شێت بوە لە وێ دا
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
دەنگی قورینگە دێ لە هەوای دەڵێی چوێستان چین دێنەوە
شەو داوەتیان تێک ڕادەکرد لالە بە دەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردوستان
هەتا نەمردووم ماوم وەرە هێزی هەناوم
لە نەخۆش خانە کەوتووم چاو بە مۆلەق وەستاوم
بۆم بانگی دوکتور کەن دەمرم بە ئەستەم ماوم
خودا بۆخۆی دەزانێ ئەتۆی بینایی چاوم
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
دەنگی قورینگە دێ لە هەوای دەڵێی چوێستان چین دێنەوە
شەو داوەتیان تێک ڕا دەکرد لالە بە دەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردوستان
ئاخ ڕەنگ زەردی خەزان خەتای پاییزە
ڕەنگ زەردێکەی من کەسێم هی دووری ئازیزە
ئاخ دەبا بسازێ خەمێ بۆچی زیز بووی
بە بێ تەقسیرکەسم دامەن گیرم بووی
ئاشقان بە مەقسوود گەین ئەدی یاری من کوانێ
شەرت بێ قەت مەیلی نائیم تا خودا دەم کە دیوانێ
هەڵوەدای چاوی ڕەشم تا چ زیر و بوهتانێ
غەمی دایک و بابم نیە لێم بە جێ ماوە جوانێ
کاغەز دەنووسم بۆ لەیلا بە دڵێکی پڕ لە خوێنەوە
دەنگی قورینگە دێ لە هەوای دەڵێی چوێستان چین دێنەوە
شەو داوەتیان تێک ڕادەکرد لالە بە دەستان
چەند جوان و پاک و شیرینە کیژی کوردوستان

فازیل لە گەڵ مامۆستا (تەیب داقوقی)،لە ئەنفالی حەوت دا، لە بن تاوێرێک دا ، لە یەک سەنگەرێک دا بوون، بەردەمی تاوێرەکەیان بە بەرد هەڵچنی بوو، بۆ ئەوەی فیشەک و پارچەی تۆپ ، سەنگەرەکەیان نەگرێتەوە .

فازیل یەک کونێکی بجوکی لە بەردەم تاوێرەکەی بەردەمیدا هێشتبوە ،دەیڕوانی بەسەر جادەی دۆڵی خانەقا ، تەیب پێ وتبوو:

-با ئەو کونە بە بەرد بگرین .

فازیل ڕازی نەبوو دەیوت:

-با لەو کونەوە چاودێری جم و جوڵی هیزەکانی سوپای عێراق وجاشەکان بکەین دوو ڕۆژ پێش هێرش و تۆپ بارانە چرو پڕەکەی سوپای عێراق، فازیل کڵاشینکۆفەکەی بە دەستێکی گرت بوو ، تاقم و تفەنگەکەی بەستبوو ، ڕووی کردە ، (ئیمام )ی***فەرماندەی کەرتەکیان پێی وت:

-دەمێکە گۆشتمان نەخواردووە ، کێ دەڵێت لەم شەڕانەدا شەهید نابین ؟، با مەڕێک بکرین و سەری ببڕین ، با بە برسێتی شەهید نەبین.

دەمە وبەیانی ٢٨/٨/ ١٩٨٨ بەشی تۆپخانەکانی سوپای عێراق ، بە چڕی سەنگەری پێشمەرگەکانی لە لوتکەی (کەرگوێ )ی لە شاخی کونە کۆتری قەندیل بێژا ،

پارچه‌یه‌ک تۆپ به‌ر رانی فازیل که‌وت ، به‌و برینه‌وه نه‌یده‌ویست سه‌نگه‌ره‌که‌ی چۆڵ بکات ، ئیمام ی فه‌رمانده‌ی که‌رته‌که‌یان پێ وت :

-برینه‌که‌ت گه‌رمه ، پێشمه‌رگه‌مان نییه بتباته خواره‌وه .

فازیل به ده‌م ئازارو خوێنی برینه‌که‌یه‌وه، هه‌نگاوی به‌ره‌و خێمه‌که‌ی خواره‌وه نا، له‌وێوه به هێستر گه‌یاندیانه دۆڵی باڵه‌یان . تۆپبارانه که به‌رده‌وام بوو، هێزه‌کانی سوپاسی عێراق هێرشیان کرد ، سێ پارچه تۆپ به‌ر سه‌ری (رزگار مسته‌فا ) که‌وت، جه‌سته‌ی له خوێن دا سوور بوو ، گه‌یاندیانه دۆڵی باڵه‌یان (رزگارو فازیل )و (سێ پێشمه‌رگه )ی بریندار‌یان ، له خێمه‌یه‌کی گوندی (زه‌نگۆڵین) دانا.

ته‌یب و پێشمه‌رگه‌کان ته‌رمی ئه‌و پێنج شه‌هیده یان ، به جله‌کانی خۆیانه‌وه له گۆڕستانی (زه‌نگۆڵین ) به خاک سپارد.

خۆر له ئاوابوون دا بوو ، ، ته‌یب به خیرایی گه‌ڕایه‌وه ، بۆ لای بریندار‌ه‌کانی خێمه‌که ، هه‌موو جله‌کانی به خوێنی شه‌هیده‌کان سوور بوو ، تۆپ وه‌ک ته‌رزه به‌سه‌ریان دا ده‌باری پێ ی وتن :

-شوێنی خێمه‌که‌مان باش نییه ، تۆپه‌کان به‌زۆری ئێره ده‌گرێته‌وه .له‌و کاته‌دا ته‌یب رووی کرده فازیل وتی :

- فازیل با تۆ به‌رم ،دواتررزگارو بریندار‌ه‌کانی تر ده‌گوێزمه‌وه.

فازیل سه‌یرێکی برینه‌کانی سه‌ر وقۆڵی رزگاری هاوڕێ ی کرد ، به ته‌یبی وت:

-جارێ رزگار له‌م خێمه‌یه دوور بخه‌ره‌وه ، من دوای هه‌مووبریندار‌ه‌کان بگوێزه‌ره‌وه.

ته‌یب ، رزگاری (٥٠) مه‌ترێک له خێمه‌که دوورخسته‌وه ، له ناکاو تۆپێک دای له‌خێمه‌ی بریندار‌ه‌کان ، سێ پێشمه‌رگه بریندار‌ه‌که‌ی هه‌پرون هه‌پرون کرد،

پارچه‌گۆشت و ئیسقان و خوێن و گری لۆکسی خێمه‌که به‌ره‌و ئاسمان به‌رزبوه‌وه ، چه‌ند پارچه تۆپێک چقیبوه ناو سکی( فازیل) ه‌وه.

پێشمه‌رگه‌کان (رزگارو فازیل )یان به سه‌ر پشتی دوو هێستره‌وه به‌ست ، ،ته‌یب ره‌شمه‌ی هێستره‌که‌ی رزگارو جوتیارێک ره‌شمه‌ی هێستره‌که‌ی فازیل ی راده‌کێشا، به‌رێ یان کرد ن به‌ره‌و ئێران، گه‌یشتنه سه‌ر لوتکه‌ی قه‌ندیل.

فازیل به‌و هه‌موو برین و ئازاره‌وه ، له رێگا هاواری نه‌ده‌کرد ، هێستره‌که‌یان له یه‌ک نزیک بووه ،رزگار ته‌ماشای فازیلی کرد ، سڵاوی لی کرد،فازیل وتی :

-باشم ، ئه‌ی تۆ چۆنیت؟ ، تۆ نامریت ، سکی من چه‌ند پارچه‌ی تۆپێکی تیایه ، جارێکی خۆشه‌ویسته‌که‌م نابینمه‌وه .

چاوه‌کانی فازیل ، بۆ دوور دوور ده‌یڕوانی ، خه‌یاڵی له شوێنێکی تر بوو،به ئاسته‌م وتی:

-ته‌یب گیان هێستره‌کانمان ،له یه‌ک نزیک بکه‌ره‌وه، با ماچێکی رزگاربکه‌م .

فازیل ده‌ستی رزگاری گرت، روخساری سپی سپی ببوو، به ئاسته‌م هێزو تین و خوێن له جه‌سته‌ی دا مابوو .

دوای تاوێک فازیل ده‌ست کرد به گیرفانی دا ،وێنه‌ی خۆشه‌ویسته‌که‌ی ده‌رهێنا ،ماچی کرد،له‌وێوه به‌ره‌و ئه‌و دیووی قه‌ندیل ، به ناو شه‌خته‌ی به‌فره به‌ستووه‌که‌دا ، به‌ره‌و شێخ ئایش کشان.

رزگار له شێخ ئایش گوێ ی له پێشمه‌رگه‌یه‌ک بوو وتی :

-پێشمه‌رگه‌یه‌کی بریندار گیانی سپارد‌ووه.

فازلیان له داره مه‌یتی سه‌ر هێستره‌که داگرت ، وه‌ک خه‌و چاوه‌کانی داگرتبێ ، ئاوا بوو ،

پێشمه‌رگه‌کان به پاچ و خاکه‌ناز ،چاڵێکیان له سه‌ر به‌فره‌که هه‌ڵکه‌ند ، فازیل یان، به جله خاکیبه خوێناوییه‌که ی و وێنه‌ی دڵداره‌که‌ی و ئه‌و دیناره‌ی له گیرفانه‌که‌ی دا بوو ، له( شێخ ئایشێ ) به قه‌ندیل سپارد .





(رزگار )، له سه‌ر پشتی هێستره‌که ، به درێژایی رێگا به‌ره‌و سنوو ، دوا دیمه‌نی تراژیدیای فازیل و دوا دیمه‌نی ماچی وێنه‌ی دڵداره‌که‌ی فازیل ، له گوێ یه‌کانی و له رۆحی دا ده‌زرنگایه‌وه:

له قه‌ندیلی سه‌ربه‌رزه‌وه وه‌ڵامت بۆ ده‌نێرمه‌وه
شه‌هیدبوونم شانازیه هاوڕێ ره‌نگه نه‌تبینمه‌وه
هێزی پێشمه‌رگه نابه‌زن هه‌مووی شۆڕشگێڕن ئه‌مڕۆ
شه‌هیدبوونمان شانازیه دایکان بۆمان مه‌که‌ن ڕۆڕۆ
زۆر له مێژه ژانی گه‌لم ده‌سووتێنێ جه‌رگ و دڵم
ژان ده‌چێژم ده‌یپارێزم ئاو و خاک و مه‌تارێزم
هێزی پێشمه‌رگه نابه‌زن هه‌مووی شۆڕشگێڕن ئه‌مڕۆ
شه‌هیدبوونمان شانازیه دایکان بۆمان نه‌که‌ن ڕۆڕۆ
هاوڕێیان شه‌هید له‌بیر مه‌که‌ن رێگه‌ی قازی قه‌ت وون مه‌که‌ن
هاوڕێیان رۆژی هیمه‌ته سه‌فی دووژمن گشت له‌ت له‌ته
رۆژی تۆڵه هه‌ستاندنه به‌یداخی سوور هه‌ڵکردنه
هێزی پێشمه‌رگه نابه‌زن هه‌مووی شۆڕشگێڕن ئه‌مڕۆ
شه‌هیدبوونمان شانازیه دایکان بۆمان نه‌که‌ن ڕۆڕۆ

عه‌بدوڵلا که‌ریم مه‌حمود

سه‌رچاوه وپه‌راوێز :

١-ئه‌م زانیارییه‌م له هاوڕێ ی ئازیز رزگار مسته‌فاوه پێ گه‌یشتووه.

* فازیل شێخ عه‌لی سه‌رکۆیی ، له ١٩٦٦له گوندی سه‌رکۆی بناری شاخی قۆپی قه‌ره‌داخ له دایک بووه، له ١٩٨٥ بووه به پێشمه‌رگه له تیپی تایبه‌تی مه‌ڵبه‌ند ،دواتر گوێزراوه‌ته‌وه بۆ که‌رتی ٣ی تیپی ٥٥ی قه‌ره‌داخ

**گوندی سەرکۆ سەر بە قەزای قەرداغە، لە باکورەوە هاوسنوورەلە گەڵ گوندی تافان، لە باشوورە وە لەگەڵ گوندی گۆشان ، لە رۆژهەلاتەوەلەگەڵ ناحیەی قەرەداخ ، لە رۆژئاواوە لە گەڵ قۆپی قەرەداخ. لە ئینسایکلۆپیدیای ئازادی ویکیپیدیاوە.

***ئەکرەم حەمە ئەمین عەبدوڵلا ناسراو بە (ئیمام )، لە ١٩٥٦لە گەڕەکی خەبات لە سلیمانی لە دایک بووە، دەرچووی قۆناغی ناوەندیی بوو ،لە ١٩٧٩ بووە بە کۆمەڵە،لە ١٩٨١بووە بەپێشمەرگە لە بارەگای سەرکردایەتی، پێشمەرگەیەکی ئازاو بە جەربەزەی تیپی پارێزگاری بوو،مام جەلال لە خۆشەویستی دا ناوی نابوو ئیمام ،پێ ی دەوت :

-تۆوەک ئیمامی عەلی ئازایت، دواترگوێزرایەوە بۆ مەڵبەندی یەک لە قەرەداخ، بووبە فەرماندەی کەرتی ٣ی تیپی ٥٥ی قەرەداخ.

دوای چەند رۆژێک شەڕو بەرگرییەکی زۆر قورس ، لە زنجیرەشاخی کونە کۆتری قەندیل ، بەرامبەر سوپای عێراق ، لە ٢٨ ئێوارەی٢٨ / ٨/ (١٩٨٨ئیمام ) لە لوتکەی (کەرگوێ) ، (٤) گولە ئاربی جی بەرەو هێزەکانی سوپای عێراق تەقاند ،خەریکی تەقاندنی گولەی پێنجەم بوو ،فیشەکێکی قەناس دای لە ناوچەوانی ودوا هەناسەی سپارد .

تەرمەکەیان لە گوندی (خەزینە) دۆڵی باڵایان بە خاک سپارد ، لە ١٩٩١ روفاتەکەیان گواستەوە بۆ گردی سەیوان ،

لە دوای خۆی کاکە (هەکار) کوڕی بەجێ ما ، ئیمام پێشمەرگەیەکی قسە خۆش ئازاو چاونەترس بوو ،بۆ هەموو چالاکییەکان و بەرگرییەکان لە پێش هەموو هاوڕێ پێشمەرگەکانی بوو،ئەو کاتەی هاوسەرەکەی و (هەکار) ی کوڕێ گەیشتنە بناری قەندیل ،بردنی بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان و بەخێرایی گەڕایەوە بۆ قەندیل ، جلی لە یەک رەنگ لە گەڵ خۆی دا بۆ هەموو پێشمەرگەکان هێنابوو

رزگار مستەفا هاوڕێ ی شەهید

## میراو

### عەتای کلاسیک



من میراوی گەڕەکەکەتان بومایە
لەبەر شەڕە ئاوو
خۆهەڵکردنت بۆ بەردەرگا شتن.
هەرچی کلیلی قفڵەکانە دەمدا بە
ئاسن فرۆشەکان
پسولەی سەرپێچییەکانم دەسوتان و
کاروباری فەرمانگەی ئاوم ڕادەگرت
شەوانە نوێژم دەکردو
دەپارامەوە مۆڵەتی پایز درێژ بێ و
سکاڵایەکم بەرزدەکردەوە
مۆڵەتی پایز بداو
پایز پەڵەی لەبیر بچێ
خۆڵبارین دەوامیان بێ بە ڕۆژ نەرۆژێک و
ڕەشەبا زیاتر خۆڵی ئەم شارە لەبەر
ماڵەکەتاندا خڕ بکاتەوە
ئاخر باران بارین چەتری دەوێ
منیش شێتم
دەمێک بە قاچی ڕووت و
دەمێک بەچاوتروکانی بەر بارانی تۆ
شێت و هار دەبم

## بەوجۆرەبێ


### ڕەووف محەمەد ئالانی



بەو جۆرە بێ
لەم شارەدا
بۆنی گوڵ،
دەبێتە بۆنی
ناخۆشی
خوێن و باروت.
بەوجۆرە بێ،
مەردو بوێر
دەگۆڕنەوە،
بە کاسەلێسی
کۆیلەی
نابوت.
بەو جۆرەبێ
خەمی گەل و
دڵسۆزی بۆ
نیشتمان
دەتۆرێنن.
بەوجۆرە بێ
هەرچی قەڵەمی
ئازاد هەیە،
قورگیان دەگرن
سەریان دەبڕن
دەخنکێنن.
بەوجۆرە بێ
شار دەبێتە
مەیدانی مەشقی
تۆڵە و تفەنگ.
بەوجۆرەبێ
پرسە گەرم
لەگشت لاوە،
لەجێی پێکەنین و
بەزم و ئاهەنگ.

# ڕەنگدانەوەی ئەدەبی منداڵان لەڕوانگەی گەورەساڵانەوە

## سەردارقادر/ سلێمانی



دەستپێك

ئەگەر بەگشتی سەرنجێك لە جیهانە ڕەنگاڵەیە جوان و سەرنج ڕاکێشەکەی ناو ئەدەبیاتی منداڵانی کورد بدەینەوە، دەبینین لەناوهەست و نەستی نوسەرانی بەتوانای گەورەساڵاندا عەشقێکی ئەفسوناوی بەجۆرێك تیایاندا چەکەرەی کردوە ، کە بەردەوام بیانباتەوە بۆتێڕوانینێکی دەروشاوەی بێسنوری نێو ئەوجیهانە ڕازاوەی ئەدەبیاتی منداڵان و لەو پێناوەشدا سەرسەختانە هۆگر بەگشت کایە جوانەکانی منداڵان بن،

ئەگەرچی جیاوازی نێوان ئەدەبی منداڵان و ئەدەبی گەورەساڵان هێندەی ئاسمان و ڕێسمانە ، بەڵام جیهانی منداڵان تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە کە بەزۆری ئاوێتەی نێو جیهانێکی خەیاڵاوین، جیهانێك کە سەرتاپا پڕە لەپاکی و بێگەردی هەزاران خەونی ڕەنگاڵیەیی و، پڕپڕە لە هیواو گەشبینی دنیایەك ڕازو نیازی خاوێنو ئاسمانێك لێوان لێو لە بزەوقاقاو پێکەنین...هتد.، هەرلەم پێناوەشدا هەندێ نوسەری هەست ناسك هەڵدەکەون بڕیاردەدەن لەپاڵ شیعری گەورەساڵاندا بۆئەدەبە جوان و ناسکەکەی منداڵان بەشەیدایی بنوسن .

لەنێو ئەم ژانرەدا هەندێك نوسەری سەرکەوتوو مەزن بەعەشقەوە دێن و بەکردار واز لەو تەمەنە پێگەشتوەی خۆیان دێنن و جارێکی تر دەچنەوە ئاستی ئەو هاوڕێ خنجیلانەیەی ناوهەناوی خۆیان و ئەوسا پێکەوە بڕیاردەدەن بەیەکەوە بدوێن و هەڤپەیڤین بکەن، بەم هەڵوێستە جوانەشە وە بەردەوام دەقی بەپێزیان بۆدەنوسن ، دەقێك کەلەگەڵ خەون و خولیاو گشت خۆزگەکانیدا گونجاوبن، پاشان بەسنگێکی فراوانەوە وەڵامی سەرجەم پرسیارە پەنگ خواردووەکانی ناو هەست و خەیاڵی خۆیان بەگشت منداڵان وهاوڕێکان دەدەنەوە

بەڕاستی ئەم ئەوینە هێندە سەرسوڕهێنەرە کاتێك دەبینن نوسەرێکی بەتەمەن بۆگۆڕینی نەوای ڕۆحی خۆی دەچێتەوە نێو ناوەڕۆکی ژانرێکی ئەدەبی و بەجارێ جیهانی ڕق و کینەو شەڕو شۆڕی گەورەکان بەجێدڵێ ،ئیدی وا هەست دەکات بەخەیاڵ وەك جاران هەناسەکانی خۆی بەسیەکانی منداڵی هەڵدەکێشێت، چونکە پێی وایە ئەم عەشقە بەهەموو باڵە ڕەنگاڵیەکانیەوە بەهیچ سەروت و سامانێکی دنیا ناسێنرێت

نوسەری گەورەساڵان بەتایبەت ئەوانەی کە لەگەڵ ئەدەبی منداڵاندا ئاوێتەن پێیان وایە تەنها و تەنها نرخی ژیانێکی ڕاستەقینە لەوەدایە کە لەگەڵ تروسکەی خەیاڵی منالدا لەشەقەی باڵ بدەن و ئاسمان بەئاسمان بفڕن ، هەربۆیە بەو عەشقەوە بارگەو بنەی خۆیان دەپێچنەوە دەکەونە ڕێ بەرەولوتکە بەرزەکەی جیهانی منداڵان، ئەوسا هەرچی سۆزی دڵیان هەیە تەرخانی دەکەن تەنها بۆئەوەی منداڵان دڵخۆشبن ، بەردەوام بەپەرۆشەوە شیعرلەدوای شیعر بۆ مێژوویان تۆماردەکەن.

باسکردن و سەرنجدان لە مێژووی ئەدەبیاتی منداڵان لە کوردوستان دا مێژوویەکی هێندە دێرینی نییە، بەڵکو ئەوەی کە هەیەو نییە بە گوتەی (ئەمین محەمەد) لە سەردەمی (ئەمین عالی بەدرخان) و مامۆستا (زێوەر)ەوە دەست پێدەکات، واتە لە دووهەمین دەیەی سەدەی بیستەوە سەری هەڵداوە، بەشێك لە شاعیرە ناسراوەکانی ئەو سەردەمەش وەك خەمخۆرێك، لەو بوارەدا منداڵانی کوردیان بەسەرکردۆتەوە، توانیویانە بە شیعرە ناسك و جوانەکانیان، دڵی گشت منداڵانی کوردوستان خۆشبکەن ئەوانیش وەك (مامۆستا زێوەر، فەریدون عەلی ئەمین، گۆران، فایق بێ کەس، ع.ع.شەونم، دایکی سۆلاڤ، کاکەی فەلاح، عومەر عبدالرحیم، هتد...) . (محمد، 2022: 11)

خۆشبەختانە لە دەسپێکی ئەم ڕێگایەشەوە توانیویەتی وردە وردە هەنگاو بەرەو پێشەوە بنێت، ئێستا بە پێچەوانەی سەردەمی ڕابردووەوە ئەدەبیاتی منداڵان لە دوای ڕاپەڕینەوە تا ئاستێکی باش لە لایەن شاعیران و ڕۆشنبیرانی کوردەوە بایەخێکی ئەوتۆی پێدراوە، لێرەو لەوێش نوسەرانی ئەم بوارە ئاورێکی هێجگار تایبەتیان لەو ژانرە هەژارە داوەتەوە، هەرچەند لە ئێستادا ئەدەبیاتی منداڵان نیمچە گۆڕانێکی بەخۆیەوە دیوە. بەڵام ساڵ بە ساڵ خەریکی نەشونما کردنی زیاترە، بەڵام نابێ بیرمان بچێت ئەدەبی منداڵانیش کارێکی وەها ئاسانیش نیە تاهەموو کەسێ خۆی لەقەرەی بدات و بە ئاسانی ناوبانگی خۆی تیا بەدەست بێنێت، چونکە ئەم بوارە پێویستی بە شارەزایی و ئەزمونێکی زۆر بەهێزهەیە تا بتوانرێت بە ژیری و سەلیقە کاری تێدا بکرێت .

ئەگەر چی ئەدەبیاتی منداڵان زادەو هەڵقوڵاوی بیرو ئەندێشەی گەورە ساڵانە ، بەڵام ئەم ئەدەبە هەر گەورە ساڵانێکی بە ئەزموون کاری تێدا کردبێت، ئەوا لە دەقەکانیدا کارێکی وەهای کردوە واتاو مانایەکی جیاوازتر ببەخشێ کە ڕێك بۆن و بەرامەی منداڵی لێ هەستێ، نمونە وەك ئەم شیعرە جوانەی مامۆستا (گۆران) کە بۆمنداڵانی نوسیوە لەژێرناوی (پشیلەکەم)دا و دەڵێت:-

میاو، میاو، میاو، ورد وورد ڕاکە،
پشە خڕینەی دەم و لووت پاکە
کلوە ئاوریشمی گیاندارم،
چاو پیرۆزە کلك کوڵە مارم
ڕاکە، ڕاکە، وەرە باوەشم،
لامل هەڵسوو تێرلەلەشم
کلکی تیسکن لوول کەو ڕەپ کە،
نەرمەی دەستم گاڵتە قەپ کە
نینۆکی تیژ دەرپەڕێنە،
قەیناکە برنە بدڕێنە
دەست و دەم و چاوو جلم،
پشە، هەردوودەست بکەرە ملم
مووی سمێلی شاش، لووتی سور،
بگرە بۆماچ ماچێنی دوور
کەمانوو بووی لەدەست بازی،
پشە، ڕاهاتووی کۆشی نازی
خۆت پەپکە دە لەسەرڕانم،
بەپرخە پرخ پشەکەی جوانم
لێك نێ چاوی مەیلەو شینت،
وردە جوڵەی خەوبینیت
ئەگەرچی ڕامدەچڵە کێنی،
بەڵام نەختە نەختە دێنی
پرخە پرخی یە ك ئاهەنگت،
شێوەی کش و مات و مەنگت
بۆچاوی منیش.

# داگیرکردنی نیشتمان



## محەمەد بەرزی

نیشتمان یەکێکە لەو پیرۆزییە بێ هاوتاو دەگمەنانەی ، کە مرۆڤ لە ژیانیدا گرنگییەکی تەواوی پێدەدات . بێگومان لە ناخی هەموو هاوڵاتییەکانی دنیادا ، ڕادەی خۆشەویستی نیشتمان وەک یەکە ، جا ئەو نیشتمانە گەورەبێت یان بچووک ، پێشکەوتووبێت یان دواکەوتوو ، بەهێزبێت یان لاواز . ئەمەش ئەو نهێنییە گەورەیەیە ، کە هەموو کەسێک بێ جیاوازی نیشتمانی خۆی بە پیرۆزترین و بەنرخترین نیشتمانی دنیا دادەنێت . نیشتمانیش بریتییە لە پارچەیەکی جوگرافی ، کە سنور و کەوشەنی تایبەتی خۆی هەیە و مرۆڤ تێیدا دەژی . بەڵام تەنها پارچەیەک زەوی ڕەق و تەق نییە ، کە تەنها خاک و خۆڵ و دەشت و شاخ و دار و ئاوی گرتبێتە خۆی ، خۆ ئەگەر وابووایە ، ئەوا مرۆڤ دەیتوانی بە ئاسانی واز لە نیشتمانەکەی خۆی بهێنێت و خاکێکی تر بکات بە نیشتمانی خۆی ، کە لە هەموو ڕوویەکەوە لە نیشتمانی دایکی جوانتر و ژیان تێیدا باشتر بووایە . ئەو کاتە دەبوو ئەوانەی لە جەمسەرەکانی گۆیی زەویدا و لە کەژە سارد و بەستەڵەکاوییە زۆر سەختەکاندا ، یان لە ناوچە دواکەوتووەکانی ئەفەریقادا دەژین ، وازیان لە خۆشەویستی نیشتمانی خۆیان بهێنایە و بە دوای خاکێکی تردا بگەڕانایە . کەواتە نیشتمان ئەو باوەشە گەرموگوڕەیە ، کە مرۆڤ تیایدا هەست بە ئاشتی و ئاسایش و ئارامی و ژیانێکی شایستەی سەربەرزانەدەکات و یادگارییە جوانەکانی لە خۆ دەگرێت . لە بەروبۆمی دەخوات و هەواکەی هەڵدەمژێ ، خاکی پیرۆزی باو و باپیران و نەوەکانی ئەمڕۆ و داهاتووە . خۆشەویستی نیشتمانیش کارێکی زگماکییە و لەگەڵ لە دایکبوونی مرۆڤدا دروستدەبێت و لە گەڵیدا گەشە دەکات ، هەر بۆیە تا تەمەن هەڵبکشێت ، ڕادەی ڕێز و خۆشەویستی بۆ نیشتمان زیاتر دەبێت ، ئەم خۆشەویستییەش هەستێکی توند و تۆڵی ناخی ڕۆحە ، کە مرۆڤ بە خاکەوە دەبەستێتەوە . ناکرێت بە هیچجۆرێک نە دەستبەرداری بین ، نە بازرگانی پێوە بکەین .

جا ئەگەر نیشتمان لای مرۆڤ سەرچاوەی یادەوەرییەکانی بێت ، زێدی لە دایکبوونی خۆی و باو و باپیرانی بێت و بە هەست و سۆزێکی مەزنەوە بە ڕۆحییەوە بەسترابێتەوە ، دیارە ئەو نیشتمانە شایانی ئەوەیە بە هەموو هێز و تواناوە و تا هەناسە و ڕەگی تەڕ لە لەشدا مابێ ، بەرگریی لێ بکرێت ، کار بۆ پێشکەوتن و بوژاندنەوەی بکرێت ، ڕێگا نەدرێت هیچ کەسێک و زیرۆحێک دەستدرێژیی بکاتە سەری . مێژووش بە درێژایی تەمەنی خۆی ، لێوان لێوە لە قوربانی میللەتان بۆ نیشتمانی خۆیان . هەر بۆیە کاتێک نیشتمان ڕووبەڕووی داگیرکاری و دەستدرێژی و بای نەگبەتی دەبێتەوە ، ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە بە دڵ و بە گیان و تا ئاستی شەهیدبوون بەرگریی لێبکات .

ئەوەی شایانی باسە بە گشتی سێجۆر دەستدرێژی ڕووبەڕووی نیشتمان دەبێتەوە ، کە هۆکارن بۆ داگیرکردنی و لەدەستدانی ئازادی و سەروەرییەکەی ، کە بە گشتی بریتیین لەم خاڵانە :

یەکەم : دەستدرێژی لە لایەن دەوڵەتێکی بێگانەوە بۆ سەری ، کە یەکێکە لە مەترسییە گەورەکان ، بە مەبەستی داگیرکردن و ملکەچکردنی میللەتەکەی و بە تاڵانبردنی هەموو سەروەت و سامانی خاکەکەی ، یان بە مەبەستی سیاسی بۆ فراوانبوونی سنوری دەوڵەتە داگیرکەرەکە ، لەسەر حسابی نیشتمانە داگیرکراوەکە .

دووەم : دەستدرێژی دووەم بۆ سەر نیشتمان ، بریتییە لە پلانی داگیرکەر بۆ پارچە پارچە کردنی خاکی نیشتمان و دابەشکردنی گەلەکەی ، کە لە نیشتمانەکەی خۆیاندا بە تەبایی و بێ کێشە ژیاون ، بۆ دەستە و تاقم و حیزبی دژ بە یەک و هاندان بۆ دووبەرەکی و نانەوەی شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی لە نێوانیاندا ، بە مەبەستی داوەشاندن و کرمێکردنی ناخی هاوڵاتییەکانی ، کە ئەمەش سەرەتای ئامادەکارییە بۆ داگیرکردنی نیشتمانەکە بە ئاسانی. یان لەوانەشە داگیرکەر زیرەکانە خەڵکی نیشتمانەکە لە خشتەبەرێت و بیانکات بەجاش و مەقاش و ئەڵقە لە گوێی خۆی و لە ڕێگای ئەوانەوە ئەم دەستدرێژییە ئەنجامبدات ، چونکە ئەو ژیرانە سیاسەت دەکات و تا مەقاش هەبێت پەنجەکانی خۆی ناسووتێنێت .

سێیەم : دەستدرێژی سێیەم بۆ سەر نیشتمان لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی گەندەڵی ناوخۆوەیە . واتە دزین و بە تاڵانبردنی داهات و سەروەت و سامانی نیشتمان ، لە لایەن بنەماڵەی گەندەڵی خۆسەپێنەر و حیزب وسیاسی مشەخۆر و نۆکەرەکانییانەوە ، کە هاوڵاتی ئەو خاکەن و هەموو خەون و خولیا و سەودایەکی ژیانییان تەنها تاڵانکردنی داهاتی سەرزەوی و ژێر زەوییە ، بەبێ ئەوەی هەست بەو لێپرسراوەێتییە مەزنە بکەن ، کە لەسەر شانییانە . بێگومان گەندەڵی یەکێکە لە پەتا پڕ مەترسییەکان ، کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ هەرەس و شکست و ئاشبەتاڵ و داگیرکردن ، چونکە چەندین کاردانەوەی خراپی لەسەر بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبێ وەک :

١ - دیارنەمانی داهاتی وڵات و دابەشنەکردنی بە شێوەیەکی عادیلانە و دروستبوونی جیاوازییەکی ئێجگار زۆر لە نێوان چینێکی کەمی دەوڵەمەند و چینێکی زۆری هەژاردا ، کە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر ماف و ئەرکی هاوڵاتییان و بڵاوبوونەوەی برسێتی و هەژاری و ئاژاوە وساختە و دزی و بەرتیل و کاڵبوونەوەی بەها جوانەکانی ناو کۆمەڵگا ، بە تایبەتی نەمانی هەستی خۆشەویستی بۆ نیشتمان .

٢ - لاوازبوون و بێ متمانەیی هاوڵاتییان بە دادگا و سەروەری یاسا ، کە بەگشتی لە بەرژەوەندی گەندەڵکاران و نۆکەرەکانییاندایە .

٣ - دەستبەسەراگرتنی سەروەت و سامانی وڵات ، بۆ ئەو کەسانەی ، کە دەسەڵاتییان بە دەستە ، پاشان بەکارهێنانی بەشێکی ئەو سامانە دزراوەش بۆ کڕینی ویژدانی کەسانی نۆکەر ، کە نۆکەرایەتی و بەرگرییان لێدەکەن و دەنگی ڕەوای خەڵکی کپ دەکەن .

٤ - هەڵتەکاندنی ژێرخانی ئابوری وڵات لە ڕێگای گرنگی دان بە پرۆژەی بێ بەرهەمی پڕ قازانجی خێرا و پشتگوێ خستنی پرۆژەی ئیستراتیجی پیشەسازی و کشتوکاڵی و ئاژەڵداری ، کە بناغەی ئابوورییەکی پتەون . لە هەمان کاتدا پشتگوێ خستنی کەرتە گرنگەکانی وەک تەندروستی و پەروەردە و خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاو و کارەبا ... هتد.

٥ - کورتهێنانی داهاتی گشتی بە هۆی خۆ دزینەوە لە باجی پرۆژە زەبەلاحەکانی سەر بە خۆیان و زیادکردنی باج لەسەر هاوڵاتییان .

٦- نەبوونی چاودێری لەسەر کارەکانی حکومەت و کەرتە تایبەتییەکانی سەر بە خۆیان . پاشان ڕێگرتن لە کەسانی پاکی شارەزا بۆ وەرگرتنی پایەو و پۆستی گرنگ ، کە تواناى گۆڕانکاری گەورەیان هەیە .

لە دواجاردا ئەوە ماوە بڵێم : گەندەڵی هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگا وبڵاوبوونەوەی برسێتی و ژەنگ و ژاری ناکۆکی و هەڵایسانی شەڕ و ئاژاوە ونەمانی ئاشتی و ئاسایشە . لە ئەنجامیشدا هاوڵاتییان باوەڕیان بەو دەسەڵاتە گەندەڵە نامێنێت و بە ئەندازەی تاقە موویەک خۆیان نابەستنەوە بە نیشتمانەوە ، چونکە سایەی نیشتمانێک داڵدە و پەنا و پەسێوی هەمووان نەبێ و نەتوانێ نان و کار و ئارامی و ئازادی بۆ هاوڵاتییەکانی دەستەبەر بکات ، لە کاتی تەنگانەشدا ئامادەنین نە داکـۆکـی لێ بکەن ، نە تەنها فیشەکێکی بۆ بتەقێنن .

تێبینی : بۆ ئەم باسە سود لە چەند سایتێکی عەرەبی وەرگیراوە .



# سیاسەتی بێ هزر و زانین



## سیروان حەمە ڕەشید

ئەگەر پێناسەی گشتی بۆ سیاسەت بکەین وەک ئەوەی لە زانستی سیاسیدا هاتووە بەواتای هونەری حکومرانی دێت ، یان بە واتای چاکەی گشتی دێت ، حەسەنی عەمید دەڵێت " سیاسەت ململانێیە لەنێوان کۆمەڵەی خاوەن بەرژەوەندی هاوبەش بۆ گەیشتن بەدەسەڵات" هەر چەندە سیاسەتکردن چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی و چ لەسەر ئاستی ململانێی ناوچەی و نێودەوڵەپیدا جوڵە و پرۆسەیەکی وورد و هەستیار و و ئاڵۆزە و پێویستی بە کارەکتەری عاقڵمەند و لێزان و ئازاو خاوەن بڕیار هەیە.

کەواتە دەبێت بزانین کاری سیاسی هەر واکارێکی سەرپێی و سانا نییە، گەر وەستانێک لەسەر مێژووی ململانێی سیاسیەکانی ئیمپراتۆر و پادشا و دەوڵەتانی مۆدێرنی دونیا بکەین بەتایبەت دوای کۆنگرەی( ١٦٤٨ی وێستڤاڵیا) دروستبوونی دەوڵەتانی خاوەن سیادە و هاوکاتیش بەزانستکردنی سیاسەت و سەرهەڵدانی تیۆریای جۆراجۆری سیاسی و پەرەسەندنی بیری سیاسی نوێ و هاوچەرخ و دروستبوونی میتۆدی جیاجیای ئیدارەدانی ململانێ و پێکدادانی بەرژەوەییەکان سەرییان هەڵدا .

لێرەدا زۆر گرنگە ئەو کەسانەی سەرقاڵی کاری سیاسین دەبێت خاوەن کۆمەڵێک تایبەتمەند بن ، دیارە بە پلەی یەکەم پێوست دەکات زۆر بەباشی لەبابەخی فکر تێبگەن، چونکە بەدڵنیاییەوە سیاسەتکردنی بێفکر و بێ باگراوندی مەعریفەی سیاسی وەک جەستەیەکی بێ گیانە.

هەڵبەت فکر داینەمۆی کاری سیاسیە و ئامانج وتێروانین و هەڵوێستەکان ڕوونتر دیاری دەکات .

دەپرسین ئایا پێوستە سیاسەتکار و دەسەڵاتداران خاوەن فکر و ئەندێشە بن ؟ دەتوانین بلێین بەڵێ چونکە فکر لەسادەترین پێناسەدا بریتیە لە تێڕوانین و تێگەیشتنە دەربارەی پرسە سیاسیە و کۆمەڵایەتییە بنەڕەتییەکانی حکومرانی ، واتە فکر دەروازەیەکە لە دیاریکردنی چۆنییەتی بەڕێوەبرنی دەوڵەت و پرۆسەی حکومرانی و ڕێکخستنی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی تاک و کۆمەڵگە .

مێژووی بیری سیاسی کۆن و نوێ لەپێناو هەرچی زیاتری خزمەتکردنی وڵات و مرۆڤایەتیدا بووە ، سەدان فەیلەسوف و بیرمەند ئەندێشە و فەلسەفەی سیاسی و تیز و نووسین و لێکۆڵینەوەی هەمە چێشنەیان خستۆتە پێش چاو - کەواتە دەتوانین بلێین فکر و سیاسەت دوانەیەکی دانەبڕاون لە یەکدی .

ئایاسیاسەتکار و دەسەڵاتدارانی هەرێم فکر و سیاسەتیان بەیەکەوە گرێداوە ، بەتایبەت لەدوای ڕاپەڕینەی (ئازاری ١٩٩١)وە ؟ بەدەر لەهەندێک کارەکتەری سیاسی خوێندەوار ، مێژووی سیاسی ٨٠ساڵی رابوردی سیاسیەکانی باشور بەڵگەی زیندووە کەهەڵگری هیچ جۆرە ئەندێشە و فکری سیاسی مرۆیی ونیشتیمانی نەبوون - گەر سەرەنج بدەین دەبین چۆن بەناوی شۆڕش و کوردایەتی و سەربەخۆییەوە بەتەواو هەژموون وپاوانی کایەی سیاسەتیان بۆ خۆیان وخێزانیەکان کردوە.

دەرئەنجامی ئەمە بوو کە پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی چەقیوە و نەیتوانیوە هەرێم لەسەر بنەمای حکومەتی هاوڵاتی و دیموکراسی بونیادبنێن .

بێگومان، ئەمە وایکردوە لەبری ئەوەی سیاسەت لەپێناو سود و بەرژەوەندی نیشتیمانی کۆی خەڵکدا بێت ، بەنیگەرانیەوە دەڵێین بەشێوازێکی مەترسیدار ڕۆڵ نەرێنی بینیوە و بۆتە کەرەستەیەک بۆ نابووتکردنی بەها بەرزکانی مرۆڤی کورد و چاندنی تۆی و بێ ئومیدی لەسەربیر و سایکۆلۆژیای خەڵکی بەگشتی .

دوا سەرەنجمان ئەوەیە هەتا سیاسی و بڕیاربەدەستانی هەرێم فکر نەکەنە باگراوندی کاری سیاسی و ناتوانن لەناوخۆدا حکومڕانیکی ڕەشید دەستەبەر بکەن و لە ململانێ دەرەکیەکاندا ڕووبەڕووی تەحەدییەکان ببێتەوە ، دواجار ئاییندەی هەرێمی کوردستان لەئێستا باشتر نابێت.

# بۆ ئازادی خوازانی جیهان

## ئەحمەد حەمەساڵح



لە نێو کۆی ڕەنگەکانی سەرنەخشەدا
ئەوە منم کە بێ ڕەنگم
لەنێو کۆی سنورەکانی سەر نەخشەدا
ئەوە من کە بێ خاکم
لەنێو بڵندکۆی ئاشتەوایی دەنگەکاندا
تەنها دەنگی ئاشتی من نابیسترێ
لەنێو ئاوازی ڕەنگاڵەکانی ئازادیدا
تەنها دەنگی ئازادی من نابیسترێ
لەنێو کۆی جەنگەکانی سارد وگەرمدا
تەنها لێرە جەنگ بەردەوام و نابڕێتەوە
لەنێو هاواری قرکردن و چەوسانەوە
تەنها زەنگی مەرگی من نابیسترێ
کەچی لەنێو هەموو ئازارەکان
ئازاری من ناخ هەژێن و بەسوێترە
لە نێو منارەی مزگەوتەکانی جیهاندا
تەنها منارەی مزگەوتەکانی من نابینرێ
لەنێو بڵند گۆی کەنیسەکانی جیهاندا
تەنها زەنگی کەنیسەکانی من نابیسترێ
لەنێو ڕەنگی سوری شۆڕشەکان
تەنها دەنگی خەباتی من نابیسترێ
لە نێو شەکانەوەی کۆی ئاڵاکان
تەنها ئاڵای من نابینرێ
لەنێو هەموو ئاوازی مارشەکاندا
تەنها دەنگی ئەڕەقیبی من نابیسترێ
ئەی ئازادی خوازانی جیهان
ئەی پارێزەرانی مافی مرۆڤ
ئیستا زانیتان من کێم
کام نەتەوە و کام ناونیشانی سنورم
من ئەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی ناوینم
کە بەدرێژای مێژوو بەش دەکرێم
من ئەو نەتەوەیەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستم
لەوەتەی هەم بۆ مانەوەم لەجەنگدام
من دەمەوێت
نۆتەکانی مۆسیقای ژیانەوە بڵێمەوە
کەچی هەر بەفرمێسک
چیرۆکی ژیانم دەنووسمەوە
من دەمەوێت
بە بەرگی سپی و ناخی سپییەوە بژیم
من دەمەوێت
بۆ ئاسودەیی بەرێی سپیدا ڕێگا ببرم
وەڵێ لێناگەڕێن
کۆتری ئاشتیم باڵەفرێ
لەسەرخاکم
خونچەی ژینم گەشاوەبێ
وەڵێ لێناگەڕێن
بڵێم کوردم کوردستانیم
خاوەن ئاڵا و
خاوەن مارشی نیشتیمانیم

× ڕەنگاڵە. مەڵێکی ڕەنگاوڕەنگی جوانە بەقەد ڕیشۆڵەیەک دەبێ

# بێدەنگکردنی گفتوگۆی پیشەیی: بەربەستێک لەبەردەم شەفافیەت و چاکسازی لە پەروەردەدا



## د. بەهمەن جەبار

ئازادی ڕادەربڕین تەنیا بنەمای سیستەمی دیموکراسی نییە، بەڵکو ئیمتیازێکی پیشەیی گرنگە لە پەروەردەدا. لە مەیدانی سەرپەرشتیاریدا، گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی بیرورا، ناوەندی لێپرسینەوە و چارەسەرکردنی کێشە بەکۆمەڵ و چاکسازیە بەردەوامەکانە. کاتێک ئەم ئازادییە سنووردار دەکرێت، بون و میسداقیەتی سەرپەرشتیکردن دەچێتە ژێر پرسیارەوە.

بەم دواییانە لە گروپێکی واتسئەپی تایبەت بە سەرپەرشتی قوتابخانە ئەهلیەکان بڕیارێک درا، کە ئەدمین پۆستەکانی سنووردار کرد بۆ ئەوەی تەنها خۆی بتوانێت پۆست بکات و گفتوگۆ و پۆستی ئەندامانی بەتەواوی نەهێشت، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر ڕەوتێکی نائارامکەر ە بێزارکەر. ئەم کارە ڕێک کاتێک ڕوویدا کە ئەندامان دەستیان کرد بە دەربڕینی نیگەرانییەکانیان سەبارەت بە ئەنجامی هەڵسەنگاندنی دەرەکی قوتابخانە ئەهلییەکان. بۆیە لە ڕوانگەی شیکارییەوە ئەم سنووردارکردنە لەبەر چەند هۆکارێک کێشەدارە.

سەرپەرشتیاریی، بە پێناسە، پرۆسەیەکی دیالۆگییە. پشت بە ئاڵوگۆڕی کراوەی ئەزموون و دیدگا لە نێوان پیشەگەرەکاندا دەبەستێت (Glanz, 2015) . بێدەنگکردنی ئەندامانی گروپی سەرپەرشتیاریی ئەم بنەما بنەڕەتییە پێشێل دەکات. بۆیە ئەوەی کە دەبێ فەزای پیشەیی هاوبەش بێت دەگۆڕێت بۆ کەناڵێکی تاکلایەنەی دەسەڵات. ئەمەش توانای سەرپەرشتیاران بۆ مامەڵەکردن بەشێوەیەکی پراکتیکی و ڕەنگدانەوەکانیان بۆ بەشداریکردن لە کۆمەڵگەی فێربوونی پیشەیی تێکدەدات.

لێکۆڵینەوەکان لە ڕەفتاری ڕێکخراوەییدا دەریدەخەن کە ئەو ژینگانەی ناکۆکی و دژایەتیەکانیان تێدا سەرکوت دەکرێت، مەیلیان بەلای گەندەڵی و خراپ بەکارهێنان پەروەردە دا هەیە (Lambsdorff, 2007) . بەبێ توانای پرسیارکردن یان ڕەخنەگرتن، پراکتیکەکان ناڕوون دەبن و لێپرسینەوە لاواز دەبێت. لە پەروەردەدا، کە ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر قوتابخانەکان، مامۆستایان و خوێندکاران هەیە، نەبوونی شەفافیەت نەک تەنها مەترسی پێشێلکردنی ئەخلاقی بەڵکو مەترسی دابەزینی سیستماتیکیش دروست دەکات.

تیۆریستە پەروەردەییەکانی وەک دیوی (1916) جەخت لەوە دەکەنەوە کە قوتابخانەکان- و بە درێژایی، پێکهاتەکانی سەرپەرشتی- دەبێ بەشداریکردنی دیموکراسی، گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە بەرجەستە بکەن. سنووردارکردنی گفتوگۆ لە نێوان سەرپەرشتیاراندا دژایەتی ئەم بەهایانە دەکات، کولتوورێکی بیرکردنەوە بە کولتوورێکی بێدەنگی و پابەندبوون دەگۆڕێت. ئەمە بە تایبەتی لە سەرپەرشتیدا کێشەدارە، کە مۆدێلی گفتوگۆی دیموکراسی زۆر گرنگە بۆ پەروەردەکردنی ژینگەی فێربوون کە خوێندکار تێیدا سەنتەری و سەرقاڵن.

هەڵسەنگاندنی دەرەکی، بە تایبەت لە پەروەردەی ئەهلیدا، پێویستی بە گفتوگۆی بەردەوام هەیە بۆ وردکردنەوەی ستانداردەکان و دڵنیابوون لە دادپەروەری. بێدەنگکردنی سەرپەرشتیاران لە ساتێکدا کە پێویستی بە فیدباکێکی ڕەخنەگرانە لە جاران زیاترە، کۆدەنگییەکی ساختە دروست دەکات و ڕێگری دەکات لە چاکسازی ڕاستەقینە. ئەمەش داهێنان بێهیوا دەکات و متمانە تێکدەدات و لە کۆتاییدا ڕێگری لە پێشکەوتنی سیستەمی پەروەردە دەکات.

بێدەنگکردنی سەرپەرشتیاران لە فەزای پیشەییاندابە تەنها بڕیارێکی کارگێڕی نیە؛ بەڵکو کردەوەیەکی دژە پەروەردەییە و دژایەتی بنەماکانی لێپرسینەوە و شەفافیەت و پراکتیکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دەکات کە سەرپەرشتی کاریگەر لەسەریان بنیات نراوە. ئەگەر پەروەردە لە هەرێمی کوردستان- یان هەر شوێنێکی تر- بیەوێت بەرەو پێش بچێت، دەبێت بە پاراستنی مافی پیشەیی سەرپەرشتیاران بۆ قسەکردن و پرسیارکردن و ڕەخنەگرتن بە ئاشکرا دەست پێبکات. سنووردارکردنی ئەم مافە نەک هەر سەرپەرشتیکردن تێکدەدات بەڵکو بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەلومەرجێک دەرەخسێنێت بۆ گەندەڵی لە پەروەردەدا.

# خامۆشیی

## ستار ئەحمەد



کاتێك شنەی با هەڵدەکات
مەرج نییە
دەستی باران بگرێت و
بەدواییدا سەردانیت بکات
هەور کەوتە ئاواز چڕین
ڕەنگە دڵۆپ بهەژێت و
قوڵپی گریان
نمەی بارانێك ڕاسپێرێت
باران جووڵە بیبزوێنێت
بکەوێتە سەر دیدەی ئاڵی رووبارێك
چەپڵەی شەپۆل
وردە ماچی لێببارێت
ئاونگێك بوویت
ئاسمانم بەرەهێڵە دواند
سنگی خاکم
بەهەناسەم دوورییەوە
کڵپەیەکی نەبڕاوەی
فرمێسك
تەوژم
لێزمە
لافاو
متیان کردی و
نەکوژاێتەوە
دەمێك دیدەت
بۆ وردبوونم نەکردەوە
ئاوێك پەرچەمی هەڵوەری
تیلەی ئەشکێك
هێشووە ڕۆندکی من دەگری
ڕۆچوون
توانەوە
کشان
لەهەرێمی عەشقا
پەیوەستی سروشت دەپێوێت
شیعر بەستەی شاعیر نەبێت
جەرگی ئافرەت
بەسەریا خوناو نەڕێژێت
هەرگیز لەدایك نابێت و
بەرگەی تینی ورژم ناگرێت
ئەوەندە پیتم خنکان و
هێندە وشەم
بەدێڕ سەمایان تاسانە
بوومەتە پشکۆی ژوانگە
چ شیعرێکی سەرما بردووی
لەئاستی ناڵەی بێداریم
کۆرپەی هەناوت بێدەنگە.

# ئەو هەناسە و پەخشانە شیعرە گرتەی قۆناغێکی تەمەنی گەنجێتیە، ڕەنگە زۆرێک لە خوێنەران خۆی تێدا ببینێتەوەو چەند ساتێک بتگەڕێنێتەوە ڕۆژانی رابردوو ...

## یادنامە
## هێدی گەلاڵی



پاش دووركەوتنەوەیەكی مەودا فراوانی من و تۆ ؛
هێشتا خۆشەویستیم بۆ تۆ بە موتوربەكراوی ماوەتەوە..
هێشتا بیرەوەری ساڵانی تەمەنی بەسەرچووومان وەک درەختێكی هەمیشە سەوز لە كێڵگەی دڵدا ڕەگی داكوتاوە...
هێشتا ڕێی ئەڤینداریمان شوێن پێی تۆی پێوە دیارە لە هەر كوێیەک لە هەر سوچێكی ئەم شارە بیت شێوەت ئەكەم!!
لە قەد دیواری ژووری دەروونداو وێنەت هەڵواسراوە و هەموو چركەساتێک سیمات دەبینم ...
كە سەیری ئاوێنەی ڕاڕەوی ژووری میوان دەكەم ڕوخساری گەش و كوڵمەی ئاڵی ئەوسات بەدی دەكەم و چاوە گەشەكانت دەبینم..
خەندەی لێو و ددانی ورد و قژی خاو و گۆنای گەشت دەبینم...
ئەو ساتانە نەک هەر هەستەكانم تەنانەت نەست و بێ ئاگاییشم بە ئاگا دێتەوە و روح و ناخیشت دەبینم...
ئێستاش دڵخۆشیم بەوە دەدەمەوە كە تۆ لە ژێر هەمان ئەو ئاسمانەی كە لێتەوە نزیكم...
وەک یەک سەیری هەمان مانگ و ئەستێرەكان دەكەین ...
بەقەد نزیكیەوە لە یەكتر دوورین، بەڵام نزیكیشین!!
نزیكین هێندەی نێوان روح و جەستە ..
نزیكین هێندەی چاو و سۆمای بینین...
نزیكین هێندەی ترپەكانی دڵ و هەناسەمان...،بەڵام گیانە لەگەڵ هەڵكشان و ڕۆچونی تەمەندا؛
چیرۆک و دیرۆكی ڕۆژانەی عەشقمان لە پەڕاوی یاد و ساڵنامەی خۆشەویستیماندا نوسراوەتەوە..
یادگاریەكان ، بیرەوەریەكان ، قسە خۆشەكان، ناز و عیشوە و تەنانەت زویربوونەكانیشت لە بیرەوەری یادەكانم ئەلبووم و ئەرشیف بووەو لە هزر و ئەندێشەمە هەڵگیراوە..
ڕۆژانەش بە یادی جارانەوە بە چاوی دڵ سەیری ئەو ئەلبوم و ساڵنامەیە دەكەم كە تەواوی ڕۆژ و مانگ و ساڵانی خۆشەویستیمان تێدا تۆمار كراوە....
بەڵێ گیانە تۆ بووی بە بەشێک لە یاد و بیرەوەری هەموو قۆناغ و وێستگەكانی ژیانم !!

# خنکانی با



مناڵیمان لەکۆڵانێکدابوو
بەڵام نەم دەبینی
بەپاڵی یەکەوە وەستابوین
لەکاتی بەفر و باراندا
چەترەکەی خۆی بۆهەڵدام
بڵام من هەستم بەو نەکرد
هەرکاتێ دەستەکانم بتەزیبا
ئەو دەست کێشەکانی خۆی
بۆجێدەهێشتم
کەچی من تووڕم ئە
من و ئەو
لەناو کەشتییەکی فریودەردا بووین
شەپۆلە بێوژدانەکانی ڕووباری چارەنوس
سەری ئەدایین بەدیوارەکانی کەشتیەکەدا
و
جەستەمان بەریەک دەکەوتن
بەڵام هەرگیز بیرم لەوەنەکردەوە
باوەشێکی
پێدابکەم،
ئەو بەخەیاڵی منەوە باڵای دەکرد و
لەبێ ئاگایی مندا دەتوایەوە،
منیش بەخەیاڵی خەونێکی بەتاڵە
لەنیشتمانم دەڕوانی
ئەو بە فرمێسکەکانی خۆی
مێنای تەڵخی بێ ئاگاییمی دەشۆردەوە،
منیش بەسەر باڵی شکاوی
بێ ئاگاییەوە بەرو گەردەلولێکی نادیار
سەفەرم کرد،
من لەدووریی ئەودا ڕوام و
بووم بەدرەختێک
ڕۆژ نەبوو قامچیەک لە بروسکەی
بێویژدانی نەمسوتێنێت و
بارانی یادگاریەکانی ئەویش سەوزم
نەکەتەوە
پاش ئەوهەموو سووتانە
ئێستا ئاسمانیش نزاکانم نابیستێ..
تاهاواربکەم
و بڵێم  خودایە
بمگەڕێنەوە ناو کۆڵانەکانی مناڵیم
تالەوێدا لەبەردەرگای نیشتیماندا کرنۆش
بەرم
و
لەچاوەکانیدا ببم بە شیعرێک و
هەرکاتێک خەوی لێکەوت
ژوورەکەی پربکەم لەماچی خۆم،
من چەندە مێژوویەکی بچوک وعەجول
بووم
هەموو بەیانیانێک
بەسەر گەڵاناسکەکانی
ڕۆحی نیشتمانەوە هەڵ دەگەڕام و
مێش و
مەگەز سەرقاڵی خۆی دەکردم
لەماندوو بوونێکی بێ ئاگایانەدا
بەسەرگەڵاکانەوە خەودی بردمەوە
بێ ئەوەی هەستیان پێبکەم

تاقانەترین نیشتیمانی من
لە هەموو مانایەکی بەتاڵیم ببورە کە
ڕۆژگارێک
گاڵتەم بەڵافاوی  میهرەبانیت دەهات
ئێستاکەخۆم بەم درەنگی ئێوارەیە
وا بەسەر بەلەمێکی
تێک شکاوی قەدەرەوە
گەڕاومەتەوە باوشی خۆت،
لیم ببورە ئەی نیشتمان
من ئێستاکەش هەمان
ئەو دەنکە مرووارییە بەنرخەی تۆم
کەرۆژگارێک لەقوورگی ماسیەکدابووم
گەشتیارە بێویژدان و نامۆکانی
تاریکەشەو
ڕاویان کردم،
نزادەکەم لەکاتی هەرخۆڵ بارانێکدا
چاوەکانیان پربێت لەخۆڵ
ئەوان منییان بەخراپی لەنیشتمانم
حاڵیکرد،
دڵنیابە گەر بمبەخشیت
من دڵێکت پێش کەش ئەکەم
جگە لەخۆت بۆهیچ دڵێک دانەخورپێت
ڕۆحی خۆمت پێدەبەخشم
ئەگەر مەرگ لەناکاوێکدا بێتەرێت!
من دڵنیام هەرچۆن خودا
نیشتیمانی لەوێرانبوون
بۆمن پاراست
هەر بەمنیش ئاوەدانی دەکاتەوە!

## هاژە بەرزنجی



# نامەی شەهیدێک

## عەلی محەمەد چوارتایی



ئەم شەو نامەیەکم لەبەهەشتەوە بۆهات لەهاوڕیەکی شەهیدمەوە، کەدەیوویست لەیادی ڕۆژی شەهیدا، بگەڕێتەوە بۆئەم دۆزەخەی هاوڕێکانی، دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەمڕۆی ڕەشی بێفەڕ.

ئەم یادەتان پیرۆزبێ هاوڕێ شەهیدەکەم.!

نووسیوتە دەگەڕێیتەوە، بۆ ئەم سەرزەمینە پڕ لە تاوانە، نووسیوتە دەگەڕیتەوە بۆلای هاوڕێکانی دوێنێی شاخت!

ئامان سەد ئامان هاوڕێکانم نەگەڕێنەوە بۆلای هاوڕێکانی ئێستای شاختان!

هاوڕیەکانم ئامان نەگەڕێنەوە بۆلای درۆکانی ئەمڕۆی پیاوەکانی سیاسیەت!

هاوڕیەکم لەبەهەشتەوەنامەیەکی ڕەنگاڵەی بەبۆنی خوداوە بۆناردم.

نامەکە هاوشێوەی دووێنی شاخ بوو.

پڕ بوو لەوەفای مێژووی سەنگەرە خوێناویەکانی دووندو لووتکەی چیا سەرکەشەکانی نیشتمانی خوێناوی.

هاوڕێکەم بەهیوایە شەوێکی خامۆش و ئەرخەوانی سەردانێکی هاوڕیکانی دووێنی شاخی بکاتەوە. بۆشارو کوچەکەی خۆیان،

منیش ئاوا وەڵامی نامەی هاوڕێ شەهیدەکەم دایەوە.

سڵاو نوری چاوانم،

نووسیووتە لەم ڕۆژانە دا بەسەردانێك دەگەڕێیتەوە بۆ نیشتمانی بەسووتماك کراو؟

نا.نا. ئامان خۆت و هاوڕێکانت نەگەڕێنەوە بۆ ئەم جەنگەڵستانە بۆ ئەم تاریکستانە، بۆئەم خەرابستانە بۆ ئەم وێرانستانەی هاوڕێکانی دوێنێتان.

هاوڕێکانم ئامان نەگەڕێنەوە بۆ ناو ووڵاتی درۆی پیاوە سیاسیەکانی شاختان.

ئامان نەگەڕێنەوە بۆ لای مافیاکانی ئەمڕۆ و سەردارەکانی دووێنی شاختان.

هاوڕێکانم ئامان نەگەڕێنەوە بۆ شاری خوێناوی، هەرکە گەڕانەوە بۆ ئێرە، یەك بەیەك تیرۆرتان دەکەن، یان بۆ زیندانە  تاریکەکانتان دەبەن.!

هاوڕێکانم سیاسیەکانی ئەمڕۆ هاوڕیەتی نازانن، وەفایان دۆڕاندوە و خۆشەویستی وعەشقی شاخیان فرۆشتووە.

هاوڕێکانم.!

بۆ کۆشك و تەلاری ڕازاوەی بێڕۆح خوێنی ئێوەیان لەیاد کردو مێژووی دووێنی سەنگەریان زیندە بەچاڵکرد.

هاوڕێکانم.!

ئێوە شکۆتان لەئاسمانە و ڕۆحتان لەگەڵ فریشتەکانە، ئێوە دڵخۆشن کەئەمڕۆی سووتاوتان نەبینی.

ئێوە سەربەرزن، سووتانی گوڵ وپەپوولە و دەیان عاشقی نیشتمانتان نەبینی.!

ئێوە دڵخۆشن کەکۆچی گەنجە خێرنەدیوەکانی دوای ڕاپەڕینتان نەبینی..!

ئێوە دڵخۆشن مەرگی دایکی شەهید و باوکی شەهیدتان نەبینی.! نەگەڕێنەوە ئامان نەگەڕێنەوە بۆناوژووری شەوەزەنگ و شەوی سووری پیاوە درۆزنەکانی دووێنی شاخ.!

هاوڕێکانم بیر لەگەڕانەوە مە کەنەوە بۆئێرەی نوقم  لەتاوان.!

هاوڕێکانم دووێنی شاختان سەنگەری قوڕو خۆڵ بوو، ڕێگای شەووتان هەڵدێری هەزار بەهەزار بوو، بەڵام هیواتان بۆ ئایندە گەش و پر لەگوڵی جوان بوو.!

هاوڕێکانم ئێوە دەزانن ئەمڕۆی شار سەردەمی کۆشك و تەلاری مافیاکانی سیاسەتە؟

ئایا دەزانن؟

ئێستا لێپرسراوەکانی دوێنێ لەپەنجەکانی دەستیان بەگومانن، پەنجەی گەورەیان جاسووسە بەسەر پەنجە تووتەیانەوە.!

چاوی ڕاستیان ناپاکی لەچاوی چەپیان دەکەن و لێویان جاسوسە بەسەر زاریانەوە، قاقایان جاسووسە بەسەر بزەی لێویانەوە.!

هاوڕێکانم ئامان سەد ئامان، دەخیلە نەگەڕێنەوە بۆ ناو درۆی هاوڕیکانی دوێنی چییاتان لەنامەیەکی تردا شتی عەنتیەکەتان بۆ دەنووسم!

بەڵام هەرگیز بیری ئێرەو هاوڕێکانی دوێنێتان مەکەن.!

ئەوان ئێستا ماری کوبران و زمانیان ژەهراویە و دڵیان وەك بەرد ڕەقە! ئێستا ئەوان وەك شەمشەمە کوێرە وان، حەزیان لەتارکیەودژی چراوتیشکی خۆرن، ئەوان ئێستا مەستی کۆشك و کورسین و سەنگەر وخوێن وماندوی چیایان فەراموش کردووە، شەق لە بزە و قاقای ئێوەو ئێمەی زیندووهەڵدەدەن.!

پێکی شەرابی سوور لەچاوی ئێوەو ئێمەی مردوو نۆش دەکەن..!

ئێستا ئەوان دۆلار باوکیانە و نەوت دایکیانە، ئێستا ئەوان ڕۆژ لەپرخەی خەودان، شەویش پاسەوانی بانک و نەوت ودۆلارن.

ئێستا ئەوان. ئەوان.ئەوان.

هاوڕیەکی خۆتان لەنیشتمانی پیاوە درۆزنەکانی سیاسەتەوە.

نامەکە لەئەرشیفی ویژدانمان پارێزراوە..



# هاوڕێ جەبار ئەو پێشمەرگەیەی به پێوە ئەتەقی* شەوی 1983.8.27

جگە لە خزمایەتی دراوسێش بووین، کە فێری جگەرە کێشان بوو ، بەدزیەوە لەدوکانی خۆمان " سۆمەر"م بۆ دەبردەوە و پارەکەی دەدامێ.
ساڵی 1979 لە عازەبان بینیمەوە و ساڵی 1983 کە گەڕامەوە بۆ سلێمانی ، نامەیەکی بۆ " شەهید وەستا عەتای وەستا مەحمود" نووسی و نامەکەم گەیاندە دەست" کاک هادی ڕەحمەتی" برای و دواتر لەگەڵ هاوڕێ جەبار یەکیان گرتەوە.
بەهاری 1983 لەشەڕی خۆکوژی خۆشناوەتی شەوێک پێکەوە بووین.
لەڕۆژی 1983.5.13 لە سماقوڵی سەروچاوە دوو وێنەمان گرت.
وێنەی دووەم کڵاشینکۆفەکەی خۆی دامێ و وتی بەمەوە وێنەکە دەگرین.
ووتم : نا حەز دەکەم بەوەی خۆمەوە بیگرم.
ووتی: بە گۆڕی شەهید سەلاح دەبێ بەوەی منەوە بیگریت.
حەیف ئەو وێنەیە" شەهید عەلی" لە سلێمانی لێی سەندم و فەوتا.
هاوینی ئەو ساڵە من لە ڕێکخراوی دوو بووم لە هەڵەدن. کەرتەکەیان شەو لە هەڵەدن مانەوە.
منی برد بۆ لای کاک جەبار فرمانی ڕەحمەتی و ووتی:
کاک جەبار شێرزاد خزمی منە ئاگاتان لێی بێ.
دواتر نیوەڕۆیەک لەگەڵ " کاک فەرهاد" ی کەرتی دوکان لە ماڵی " شەهید ووریا" لە قزلەر نانمان خوارد، عەسرەکەی کەرتی شەهید سەلاحی موهەندیسمان لە مزگەوتەکە بینی و هاوڕێ جەبار ووتی:
ئێوارە پێکەوە تەوزیع دەبین.
منی کرد بە خانویەکی بچوکداو ساوەریان هەبوو.
ووتم : هاوڕێ جەبار خەڵک لەگەڵ مەسئول تەوزیع بێ گۆشت و قەل دەخوا و پێکەنی.
قۆناخدارێکی کۆنی پێ بوو، لێم پرسی:
ئەی کوا ئەوەی خۆت.
ووتی" شێرزاد لەناو دێکان حەز ناکەم دەربکەوم.
هەموو هاوڕێکانی شایەتی بۆ دەدەن کە فەرماندە کەرتێکی ڕەوشت بەرز و ئازا و خاکی بووە.
تەنانەت هاوڕێیەکیان بۆی گێڕامەوە ووتی: لە کەمینی قوە خاسەکانی شەستیەکە بە پێوە شەڕی دەکرد.
پێم ووت: هاوڕێ جەبار بۆ دانانیشی خۆ لە ئاسن درووست نەکراویت ، گولە نەتبڕێ.
لە قزلەر ووتی:
دوێنێ دایکم لێرە بوو ، تۆش لێرە بویتایە نامە و شتی بۆ دەبردیتەوە.
پارەکانی دەرهێنا و ووتی پێویستت بە هیچ نیە؟
ناڕاستەوخۆ ووتی حەز دەکەم لای من بیت، بەڵام ئەو کاتە بەهۆی لایەنگری من بۆ ئێراقچیەکان دەبوا بڕۆم بۆ شارباژێر. دەنا ئێستاش بۆ من حەیفە کەدەبوا لە کەرتەکەی ئەو پێشمەرگە بوومایە.
شەوی 1983.8.27 لەگەڵ شەهید دڵشاد لە باوە گێڵدی شەهید بوون.
ساڵی 1995 لە گوندی قولەرەیسی مامۆستا بووم، کاک نامیقی کارگوزاری قوتابخانەکە کە خێزانەکەی خراجیانی بوو ووتی : بۆ ئێوارەکەی میوانی من بوون و کە لێرە ڕۆشتن زۆری نەبرد شەهید کران.
دواتر شەهید کەمالی موهەندیسی براشی لە پێناوی خوێنی شەهید هاوڕێ جەبار لەگەڵ" شەهید حەمەی ناهی و شەهید کامەرانی حەمە قرگەیی" لە سێدارە دران.
جاران پێشمەرگە پێشمەرگە بوو ، ژیانی شار و گەنجی و جوانی خۆی قوربانی شۆڕش و کوردایەتی دەکرد و بە خوێن و گیانی خۆیان دەیانسەلماند بۆ گەل و نیشتمان دەژین و دەمرن.
لەم یادەدا ، پیاو دەزانێ سەرەتاکانی شۆڕش چەند جوان و جوامێرایەتی و قارەمانەتی بوو،
وەلێ ناشرینی و دزی و جەردەیی و ناعەدالەتی ئێستا هیچ لە پاڵەوانی و ئازایەتی شەهیدان کەم ناکاتەوە.
سڵاو لە گۆڕی شەهید هاوڕێ جەبار و شەهید دڵشاد و شەهید کەمالی موهەندیس و شەهید حەمەی ناهی و شەهید کامەران و هەموو شەهیدان.

**شێرزاد عەزیز**


ئەتەقی* -چاونەترس و ئازا بوو بە پێوە تەقەی ئەکرد

# ژیانی لاوانی گەڕەکی گۆیژەی سلێمانی لە سەردەمی بەعسدا:

گۆیژە، یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سلێمانی، ماڵمان لە گەڕەکی گردی سەیوانی گۆیژە بوو. ئەم گەڕەکە لە گەڕەکەکانی کەنار شار بوو، تا ئەندازەیەک گەڕەکێکی هەژارنشین بوو. بەڵام لە هەموو بابەتێکی تێدا بوو. زۆربەی پیاوەکانی گەڕەک سەردەمانێک پێشمەرگە و تێکۆشەری سیاسی بوون. بەکورتییەکەی بارودۆخێکی تەواو کوردەواری و گیان و ژیانی کوردایەتی لە گەڕەکەکەماندا هەبوو. ئێمە کۆمەڵێک لاو بووین و نێوانمان زۆر گەرموگوڕ و خۆش بوو. باسوخواسەکانی یەکتر بینینەکانمان زۆرتر لە بازنەی لێدوان لە ئازایەتیی پێشمەرگە و دەنگوباسەکانی ناو شۆڕش و دوژمنایەتی کردنی ڕژێمی بەعسدا دەخولانەوە. باس هەر باسی کوردایەتی و پێشمەرگە بوو. کۆمۆنیستێکی زۆریش، سەر بە حیزبی شیووعیی عێراق لە گەڕەکەماندا هەبوون، ئەوانیش لە بواری خۆیاندا چالاک بوون و هەر خەریک بوون. ناو بە ناویش مەفرەزەی ئەمن و مولازم موحسینی تاوانباریش دەهاتنە ویژەمان و بەر شەپازلە و شەق و جنێودانیان دەکەوتین. هەتا ساڵی 1979، لەو گەڕەکەدا گوزەراندم و پاش گیرانەکەم و ئازاد بوونم، خۆم گەیاندە ناو شۆڕش و لە نێو هاوبیرانی پاسۆکدا خۆم بینیەوە. لێرەدا ویستم وەکو یادگارییەکی سەردەمی لاوێتی، بەتایبەتی باسێک لە ئەو جۆرە نووسراوانە بکەم کە لەو سەردەمانەدا جێگەی گرنگی و بایەخی ئێمەی لاوان بوون. یەکێ لەو ناملیکانەی کە زۆر دەستاو دەستی دەکرد لە نێوانماندا، ناملیکەی (لین پیاو، بژی سەرکەوتنی جەنگی گەل) بوو. هەروەها چەند پەڕتووک و ناملیکەیەکی دیکەی یاساخیشمان دەستکەوتبوون و بەردەوام لەنێو خۆماندا دەستاودەستمان پێدەکردن. وەکو ژیان بەرهەمەکانی ئەرنستۆ چی گیڤارا، چەپکێک لە وتەکانی ماوتسی تۆنگ، مانیفێستی پارتی کۆمۆنیست، چەند ژمارەیەکی گۆڤاری (کادر)ی پارتیی سەردەمی شۆڕشی ئەیلول، بێگومان، گۆڤارەکانی بەیان و ڕۆشنبیریی نوێشمان دەخوێندنەوە. هۆنراوەکانی مام هەژاری موکریانی، دیوانی تاریک و ڕوونی مام هێمنی موکریانی، بەتایبەتیی پێشەکیی ئەم دیوانە کە بیرەوەرییە سیاسییەکانی مام هێمن خۆیان بوو، زۆر خۆش و کاریگەر بوو، بەناوی لەکوێوە بۆ کوێ؟ هەروەها، دیوانەکانی: بێکەس، ئەحمەد موختار بەگی جاف، کامەران موکری، قانیع، شێخ سەلام، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، عەبدوڵا پەشێو.... ئەم دیوانانە زۆرترین هۆنراوەی شۆڕشگێڕانە و کوردایەتییان لەخۆیان گرتبوو، بۆ ئێمە زۆر خۆشەویست و گرنگ بوون و جێگەی بایەخمان بوون. زۆربەی هۆنراوە شۆڕشگێڕییەکانی ئەو دیوانانەمان لەبەر بوون و لە دانیشتنەکانماندا بۆیەکترمان دووبارە دەکردنەوە. لە ڕاستیدا،ئەم هەلومەرجە رامیاری و کوردایەتییەی نێو گەڕەکەکەمان، دەستی هیچ کەس و لایەنێکی تێدا نەبوو، خۆبەخۆ دروست بوو بوو و ئێمە بە خۆبەخش و لەخۆمانەوە ئەو کارانەمان دەکرد. خوێندنەوەی ئەو نووسراوانە و لەبەرکردنی هۆنراوە، بەشێکی تایبەتی و گرنگ بوو لە ژیانی ئەو سەردەمەماندا. ئەم یادەوەرییانە هەمووبان کاریگەریی زۆریان لەسەر بیرکردنەوە و ژیانی هەموومان دانا بوو، کەسانی خراپ و گومانلێکراو، بەهیچ شێوەیەک لەنێو ئێمەدا جێگەیان نەدەبووەوە..... ئێستاش لەگەڵ ئەو هەموو ترسولەرز و داپڵۆسین و ناخۆشیانەشدا، هەمیشە دەڵێم: ئای خۆزگەم بەو بارودۆخە و ئەو سەردەمەی ژیانی لاوێتیمان.

**بەختیاری شەمەیی**

ئەم ناملیکەیە ڕەوانشاد نەوشیروان مستەفا لە عەرەبییەوە وەریگێڕاوە








# دروست کردنی ( دەوڵەتی کوردی ) لە سلێمانی بە هەوڵی ( مێجەرسۆن )

## نووسین و ئامادەکردنی : ئامانجی مامۆستا عمر بەرخانەقا



نووسین و ئامادەکردنی : ئامانجی مامۆستا عومەر بەرخانەقا




من خۆم کاتێك ئەم هەوڵەی مێجەرسۆنم خوێندەوە تووشی تێڕامان بووم ئینگلیزێك بۆ ئەم هە وڵەی داوە لە کاتێکدا دەیان چیرۆکی تر لەسەر مێجەرسۆن هەیە، بەڵام کارەکانیشی شاهێدی ئەو هەوڵە بوون !!

جارێ باباسی مێژووەکە و کارکردنی مێجەرسۆن بکەین کەرەستە کانی بۆ دروست کردنی ( دەوڵەت چی بوون ) وە ئەم بڕیارە بەدەستی ئینگلیزێك بۆ لە سلێمانی وە ...!؟

باباسی یەکەم ڕۆژی دەست بە کاربوونی مێجەرسۆن بکەین لە یەکەم ڕۆژی هاتنی مێجەرسۆن پەیوەندیەکانی شێخ مەحمودی حە فید و مێجەرسۆن ئاڵۆز و گرژ بووە هە موو ڕۆژێك قووڵ تر بووە

ڕەفیق حلمی بەم جۆرە باسی دۆخی سلێمانی دەکات لەو کاتەدا دوای ئەوەی ( نۆئیل) چوو بۆ کوردستانی تورکیا .

ئینگلیزەکان دەستەو دائیرەیەکی هە مە جۆریان ڕژاندە شاری سلێمانی کە ئەمانە بوون :

( عەجەم ، هیندی ، عەرەبی ئەفغانی ، گاور ،جولەکە ، ئەرمەنی )

بەکورتی هە موو جۆرە تیرەیەکیان ڕژانە سلێمانی

بەڵام ئەو دائیرانەی ( عەسکەری و سیاسی و گومرگ ) بوون ئینگلیزەکان موعاونێك یاخود موشاورێکی ئینگلیزی چووە سەر کەواتە لە م وێنایەی ڕەفیق حلمی تێی دەگەین دۆخی سیاسی و عەسکەری و ئابوری سلێمانی بەدەست ئینگلیزە بووە ، کەئەمەش بۆتە هۆی نیگەرانی شێخ محمودی حەفید

بەڵام ڕەفیق حلمی دەڵێت بە هاتنی مێجەرسۆن حەقیقەتێکی تر دەرکەوت کە مێجەرسۆن ڕقی لە کورد نی یە بگرە کوردی خۆش دەوێت لەسەر ئاستی کۆمەڵگا ، بەڵام مێجەرسۆن پێی وابووە کورد بەم شێوازە نابێت بە دەوڵەت لە بەر ئەم هۆکارانە کە بەشێوەی خاڵ بۆ ئێوەی ڕیزبەند دە کەم

١-بەعەقڵی خێڵەکی کورد ناتوانێت دەوڵەت بە ڕێوە ببات .

٢-میلەتێك گاڵتە بەزمانی کوردی بکات وەپێی وابێت هە رگیز نەتوانێت بەزمانی کوردی بنووسێت دەوڵەتیشی پێی دروست نابێت .

٣-میلەتێك نەتوانێت ئیدارەی جوتیار و کاسب. و بازاڕ بکات و ڕێکیان بخات و شارو گوندی خۆیان ئاوەدان نەکەنەوە ،ناشتوانێت گەورەتر بیر بکاتەوە دەوڵەت دروست بکات

لەبەر ئەم هۆکارانە ( مێجەر سۆن ) بڕیاڕی دا کەرەستەکانی دروست کردنی دەوڵەت دابین بکات بۆ شاری ( سلێمانی )

١-ئامادەکردنی کۆمەڵگای کوردی لەشاری سلێمانی بۆ خۆبەڕێوە بردن .

٢-هێنانی سیستمی فەرمانڕەوایی شارستانی وە تێکەڵ کردنی کلتوری بەڕێوەبردن وەسود وەرگرتن لە بنەماکانی کارگێڕی وولاتان وەکو بەریتانیا .

٣-هێنانی چاپخانە بۆ شاری سلێمانی .

٤-زمانی کوردی لە نوسراوی فەرمانگاکان کردە زمانی فەرمی وە یەکەم (قیرائەی ) زمانی کوردی ئەو ڕای گەیاند .

٥-ڕێکخستنەوەی بازاڕ و سیستمی شە قامەکان و دانانی (باج)

٦-بەکارهێنانی پارە و دەرامەتی ( باج) لە ئاودانکردنەوە شاری سلێمانی و شارۆچکە کان و جوانکردن و ڕێکخستنی بازاڕ .

دیڤید ماکدۆل ;

سەبارەت بە مێجەرسۆن لە ساڵی ١٩٢٣ لە ڕۆژنامەی ( گۆڤاری ئاسیای ناوەند ) دەڵێت :

مێجەرسۆن کە گەڕایەوە سلێمانی و دە ست بە کاربوو بە ( مشتێکی پۆڵا ین) سلێمانی بە ڕێوە برد ، لە ناخەوە لەگەڵ کورد ڕاستگۆ بوو ، لەگەڵ مافی چارەی خۆنووسینی کوردەکان بوو(شکۆیەکی ) وای بۆ سلێمانی دروست کرد کە پێشتر بە خۆیەوە نەی بینبوو، مێجەرسۆن هاوکاری کردن وە ( کاری کرد بۆ پێشخستنی کولتورو ڕۆشنبیری ) وە زۆر هەوڵی دا بۆ بوژاندنەوەی نە تەوەی کورد لە شاری سلێمانی کە کارەکانی بەکردار ئەمانە بوون:

١-دامەزراندنی چاپخانە

٢- چاپکردنی ڕۆژنامە ی پێشکەوتن بەزمانی کوردی

٣-کردنەوەی قوتابخانە دانانی پڕۆگرامی خوێندن بەزمانی کوردی

٤- چاپکردن و دابەش کردنی کتێبی خوێندن بەسەر خوێندکاران

بەداخەوە ئەم کارانەی مێجەرسۆن بووە هۆکاری لە دەست چوونی پلەو پایەی خۆی کە حاکمی سیاسی شاری سلێمانی بوو لەگەڵ کاربەدەستانی بغداد لە عەرەب و بەشێك لە ئینگلیزەکان نە دە گوونجا کە ئەمەش بووە هۆکاری دورخستنەوەی مێجەرسۆن لە ئازاری ساڵی ١٩٢١

مێجەرسۆن بیرۆکەی تازەی زۆر هێنا لەناوبازاڕدا حەوز و فوارەی دروست کرد لەبەردەم حەوزە ووشکەکەی کە ووشکی کرد بە دەستی خۆمان ، ئاشی ئەلکتریکیان هێنا ، تورەکەی پیسایی لە لەندەنەوە هێنا بۆ سلئمانی ووتی وڵاخەکان دەبێت تورکە بەستن وە نابێت لەشەقام و کۆڵانەکان شیاکەو پیسایی بکەن پێچەوانەکەی باجی لێ دەسەنن

دوای مێجەرسۆن ( بێلێ ) دێت بۆ سلێمانی باسی ئەویش دەکەین لە داهاتوودا

نووسین و ئامادەکردنی ; ئامانجی مامۆستا عمر بەرخانەقا

سەرچاوە ; ڕەفیق حلمی کتێبی یاداشت

وێنە: مێجەرسۆن لۆنیتی هاوسەری لەگەڵ وێنەیەك لە ڕۆژنامەی پێشکەوتن ....





# عومەر رەسوڵ

- 1957 لە سلێمانی لەدایکبووە.

-1979 یەکەم پیشانگای تایبەتی لە هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.

-1981 دووەم پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی مۆزەخانەی سڵیمانی.

-1989 سێیەم پیشانگای تایبەتی لە دانیشتگای گۆتنبرگ سوید.

-1982 پیشانگەی هونەرمەندانی کورد ئیتاڵیا.

-1983 پیشانگەی حەوت هونەرمەند مۆزەخانەی سلێمانی.

-1984 پیشانگەی هاوبەش لەگەڵ شێوەکاران سامان قادر و عومەر دەروێش لە کەرکوك.

-1985 لەگەڵا هونەرمەند عومەر دەروێش لە قەڵای هەولێر

-1986 یەکەمین فیستیڤاڵی هونەری کوردی هۆڵی میدیا لە هەولێر.

-1986 لەگەڵا هونەرمەند عومەر دەروێش لە سلێمانی.

-1991 پیشانگەی میناتۆر هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.

-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە ڕەوەکە هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.

-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە هەڵەبجەی شەهید هۆڵی گۆیژە- سلێمانی.

-1993 پیشانگەی پۆستەر تایبەت بە مین هۆڵی مۆزەخانەی سلێمانی.
لە هەمانساڵیشدا لە ئەڵەمانیا پێشکەش کرا.

-1993 پیشانگەی هەشت هونەرمەند هۆڵی لمۆندە دلارت فەرەنسا.

-1994 مۆزەخانەی noord Brabant نۆرد بەراباند لە شاری دێن بۆش هۆڵەندا.

-1994 چوارەمین پیشانگەی تایبەتی لە هۆڵی شارەوانی ماسلاوس، هەر لەو ساڵەدا لەنێوان چەندەها تابلۆی ترداو لە پێشبڕکێیەکی هونەریدا تابلۆیەکییان هەڵبژاردم و بوو بە کارتی سەری ساڵی شاری ماسلاوس.

-1994 پێنجەمین پیشانگەی تایبەتی کردەوە لە هۆڵی دانیشتگای گۆتنبرخ لە وڵاتی سوید.

-1995 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندانی ماسلاوس لە هۆڵی de groene stip/ هۆڵندا.

-1996 هونەرمەندانی ماسلاوس لە de groene stip ماسلاوس.

-1997 پیشانگەی هاوبەشی لەگەڵا هونەرمەند پەیمان عبدولقادر لە گەلەری art leathering شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.

-1998 پیشانگەی هاوبەش لەگەڵا هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لە هۆڵی monsieur paul شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.

-1998 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان بەناوی atelierroute لە شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا.

-1998 پیشانگەی هاوبەش لە هۆڵی luxor theater کە بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی کەم ئەندامان پێشکەش کرا لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا.

-1998 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندانی بییانە لەگەڵا چینی و ئەفەریقیدا لە هۆڵی stadsgehoorzaal لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا لەم پیشانگەیەدا هونەرمەندی کورد پەیمان عەبدولقادریشمان لەگەڵدا بوو.

-1999 هاوبەشی پیشانگەی هونەرمەندان بەناوی kunstestafette لە شاری ماسلاوس/ هۆڵەندا، 63 هونەرمەند هاوبەشی کردبوو، 3 هونەرمەندی کوردی تیادا بوو، هونەرمەندان/ خالید رەسول پەیمان عەبدولقادر.

-2000 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندان لە مۆزەخانەی ماسلاوس/ هۆڵەندا.

-2000 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی کورد لە شاری دێن هاخ هونەرمەندان: ئاشتی گەرمیانی، خەلیل کاکەیی، پەیمان عەبدولقادر سوعاد ستار، لە هۆڵی R.S.A بەناوی ئەنفالەوە.

پیشانگەی هاوبەشی لەگەڵا هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لەگەلەری پێلاڤێلا لە شاری فلاردنین/ هۆڵەندا

-2000 هاوبەش لەگەڵا هونەرمەند پەیمان عەبدولقادر لەگەلەری پێرڤێلا لە فلاردنین

-2002 هونەرمەندانی ماسلاوس لە مۆزەخانەی ماسلاوس بەناوی perspectief

-2002 پیشانگەی هاوبەش لە ڤیستیڤاڵی faces لە فنلەندا

-2003 پیشانگەی هاوبەش لە هۆڵی de groene luiken لە فلاردنین

-2005 پیشانگەی lonkunst kado sa لە ماسلاوس

-2006 ڤیستیڤاڵی ئەنفال و هەڵەبجە دووبارە ئەبنەوە لە den hag

-2006 ڤیستیڤاڵی 15 هەمینی بیناڵی لە تۆکیۆ یابان

-2006 شەشەمین پیشانگەی تایبەتیم لە ماسلاوس

-2007 پیشانگەی هاوبەشی هونەرمەندانی ماسلاوس لە هۆڵی de groene stip دخوونە سێپ.

-2010 هاوبەشی پیشانگەی ڕۆژی جیهانی پەناهێندە لە هۆڵندا... لەم پیشانگەیەدا هونەرمەند پەیمان عەبدولقادریش بەشدار بوو لەهۆڵی ستادس ڤیکڵ کرایەوە (stads winkel).


-2010-2025 بەشداری چەندین پیشانگەی هاوبەشی کردووە.

ئامادەکردنی بەختیار سەعید






















# تارمایی ژنێک لەنێو دێڕەکانی قەسیدەی (خەندەکەی بایی) دڵداردا




ڕاز ئەسعەد یوونسی مەلا ڕەئوفە فەندی (خادم السجادة) ناسراو بە دڵدار (٢٠ی شوباتی ١٩١٨- ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٨)، یەکێکە لە ئەستێرە درەوشاوەکانی ئاسمانی ئەدەب و شیعری کوردیی نیوەی یەکەمی سەدەی ڕابردوو. دڵدار بە تەنیا سی ساڵ تەمەنەوە توانی کاری گەورە ئەنجام بدات و ببێتە یەکێک لە شاعیرە ورد و هەستناسک و جیاوازەکانی نێو نەوەی خۆی، خوێندنی لە کۆیە، ڕانیە و کەرکووک تەواو کردووە، پاشان چۆتە بەغدا و لەوێ کۆلێژی یاسای تەواوکردووە و بووەتە پارێزەر. لەو سەردەمەدا و هاوڕێ لەگەڵ چەندین کەسایەتی دیکەی کوردا، لە پاڵ خوێندنەکەیدا تێکەڵ بە سیاسەت و ژیانی حیزبی بووە و کەسێکی دیاری ئەو دەمەی حیزبی هیوا بووە، لە ماوەی خوێندنی زانکۆدا هاوڕێی نزیکی مەسعود محەمەد بووە، پێدەچێت دڵدار هەر لە سەرەتاوە گرفتی تەندروستی هەبوو بێت، تەنانەت ساڵی یەکەمی کۆلێژ نەیتوانیوە تاقیکردنەوەکان ئەنجام بدات، مەسعود محەمەد کە خۆی بەشێکی گرنگی بیرەوەرییەکانی دڵداری نووسیوەتەوە، دەڵێت: "دڵدار قوتابیەکی دڵ زیندووی هۆشیاری مێشک کراوە بوو، ڕەنگە گومان لەوەدا نەبێ کە لەمپەری (لاڵی) لە بەرایی ئاخاوتنیدا، وەک بناوانێکی پەنگاو ئاو بداتەوە، هەموو گووتە نەبێژراوەکانی و بیروباوەڕە ئاشکرانەکراوەکانی، هەست و سرکەوکورکە خەفەبووەکانی دابێتە دەروونی و لە ناخی گیانی و هۆشی ونیدا بووبێتە ئەو بژێوە مەعنەوییەی جارەهای جار، بەدەم وروژانی عاتیفەیەوە وەک تاڤگە هەڵدەڕژا". دڵدار خاوەنی چەندین دەقی شیعری باڵایە، کە لەڕووی هونەریی و وێنای شیعرییەوە هیچیان لە دەقی (ئەی ڕەقیب) کەمتر نییە، کە ناوبانگ و شکۆ و سەرەوەریی گەورەی بە دڵدار بەخشی، کاتێک لەسەردەمی کۆماری مەهابادا کرایە مارشی نەتەوەیی کورد و تا ئێستاش بە پیرۆزیی ماوەتەوە. زۆری دەقەکان ناوازە و گرنگن، جگە لە ئەی ڕەقیب دەقی دیکەشی کراوەتە سروود، یەکێک لەو دەقانەی جێی سەرنجی تایبەتە دەقی (خەندەکەی بایی)ە، جگە لە جوانیی شیعرەکە بە ئاسانی دیارە، کە تایبەت بۆ کەسێکی دیاریکراو دانراوە و ماندووبوونی زۆری شاعیری پێوە دیارە، لەم بارەیەوە مەسعود محەمەد دەڵێت: "دڵدار بۆ ماوەی یەک دوو هەفتە بەدەست ئەو هەڵبەستەوە وەک نیوە سەرخۆش یان نیوە مەدهۆش بەتەواوی نەیدەزانی چۆن و چی دەکات، هەمیشە چاوەکانی دەبڕیە دیمەنێکی خەیاڵی، تەنانەت لە ڕۆیشتنیدا کەمتر ئاگاداری بەرهەنگاوەکانی بوو... دڵدار لە هیچ هەڵبەستێکدا هێندەی (خەندەکەی بایی) زۆرەملێی لەگەڵ عاتیفە و شاعیریەتی خۆی نەکردووە، هیچ پەری، فریشتە و ئادەمییەکیش بایی ئەو هەڵبەستە ئارایشتی لە دڵدارەوە بۆ نەچووە". کەواتە دەبێت کێ بێت ئاوا هەست و دەروون و شاعیرێتی دڵداری داگیر کردووە؟ لە یەکەم دێڕەوە دڵدار، جڵەوی سۆز بەردەدات و لە وێنایەکدا دەیدرکێنێت ئەم دەقە دڵی خۆیەتی و لە بەردەم عەشقێکی یەکلایەنەدا بۆ خاتوونێکی والا دەکات: لە ئافاقی ژیانی ناهومێدم خەندەکەی بایی فریشتەی پاکی هیوامی نیشان دام وا کە بیدوێنم پڕیشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم دەسا دەی مەسدەری هەستی دە خێرا لادەری پەستی وەرە تا من بە ڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم... پێشتر چەند جارێک باس لە بەرزی و جوانی ئەم دەقە شیعرییە کراوە، وتراویشە نازانرێت بۆ کێ نووسراوە، بەڵام مەسعود محەمەد زۆر بە ڕوونی هۆکار و ئیلهامبەخشی ئەم دەقەی باسکردووە و لە بەشێک لە یادەوەرییەکاندا دەڵێت: "دڵدار لە دوو ساڵی کۆتایی خوێندن دەروونی ئاوس بوو بە عیشقی بەهیە، بێ ئەوەی ڕۆژەک لە ڕۆژان بدرکێنێ خۆشی ویستووە، هەر ئەو خۆگیرییەی بوو لێ نەگەڕا بپرسم ئەرێ دڵدار، تۆ کە ئەم کیژەت خۆشدەوێت، ئەویش بە ئاشکرا دەیەوێ شوو بە گەنجێکی کورد بکات ڕێی لێنەگرێت خزمەتی ئافرەتی دەشتەکی بکات، ئیتر بۆ نایخوازیت؟... کەم وزۆر دەرفەتی ئەم پرسیارەم لێی چنگ نەکەوت... بەداخەوە ئاگرەکەی وەک ژیلەمۆی ژێر خۆڵەمێش خۆی دەخواردەوە، گەرماییشی هەر ئەوەندە دەدایە، کە لە هەندێ پارچە هەڵبەستی بە دیاری دەدا، یەکێک لەوان (خەندەکەی بایی).

ئەوانەی بە شیعر و بەسەرهاتی دڵدارەوە خەریکن، دڵنیابن لەوەدا کە فریشتەی ناو (خەندەکەی بایی) بەهیە فەرەجوڵلایە!" بەهیە فەرەجوڵلا کێیە؟ لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، ئەوکاتەی کۆمەڵێکی زۆر لە ڕۆشنبیران و سیاسەتمەدار و کەسایەتی دیاری کورد لە بەغدا کۆببونەوە، خاتوونێکی دانیشتووی گەڕەکی (الاعظمية)ی بەغدا، بەهۆی خۆشەویستی و کوردپەروەری و ئەدەبدۆستییەوە ماڵەکەی خۆی کردبووە ساڵۆنێکی ڕۆشنبیری، هەفتانە کۆمەڵێک کەسایەتی گرنگ لە ماڵەکەیدا کۆدەبوونەوە و چەند سەعاتێک باس وخواسی جدی بەڕێوەدەچوو. ئەم خاتوونە مامۆستای کۆلێژی کچانی بەغدا بوو، لە ڕادیۆش چەندین بەرنامەی ڕۆشنبیری بۆ ژنان و منداڵان هەبوو، وەک مەسعود محەمەد باسی دەکات، زمانەکانی فارسی، فەرەنسی و ئینگلیزی بە باشی دەزانی هەربۆیە چەندین کتێبی وەرگێڕدراوی لەو زمانانەوە لە بواری منداڵاندا هەیە، یەکێک لە گرنگترین کتێبە ئایینییەکانی بەهائیەکانیشی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە کتێبی (الرسالة المدنية)یە. هەرچەندە کوردێکی زۆر پەیوەست بووە خاک و وڵاتەوە، بەڵام جێی داخە کوردی نەزانیوە، چونکە لە ساڵی (١٩١٧) لە قاهیرە لە دایک بووە، هەر لە میسر گەورە بووەو دوای مردنی باوکی و لەسەر خواستی ئەو بە خۆی و دایکییەوە هاتوونەتە بەغدا و لەوێ نیشتەجێبوون. ئەو هەموو توانا و ڕۆشنبیریەی بەهیە خاتوون لە هیکرا نەهاتووە، چونکە کچی عەلامەی گەورە و زانای بەناوبانگ (فرج الله زكی الكوردی المريوانی الكاشكانی الازهری (١٨٨٢-١٩٤٠))یە، کە کوردێکی ڕۆژهەڵاتە و لە سلێمانی و بەغداوە گەیشتووەتە زانکۆی ئەزهەر، لەوێ بە پلەی بەرز خوێندنی تەواوکردووە، هەر لە قاهیرە یەکەمین چاپخانەی بە ناوی کوردستانەوە دامەزراندووە و چەندین کتێبی گرنگی چاپکردووە، شەرەفنامەش هەر لەسەر دەستی ئەو چاپکراوە. پێدەچێت چەند ژمارەیەکی ڕۆژنامەی کوردستانیش لای ئەو چاپکرابێت، کارەکانی زۆر لەوە زیاترن لێرەدا باسبکرێن، بەڵام ئەوەی سەیرە لە دوای ئەو پلە بەرزە ئاینییە، بیروباوەڕی دەگۆڕێت و بە خۆی و بنەماڵەوە دەبێتە بەهائی. هەربۆیە بەهیەش لە بەغدا زیاتر تێکەڵی کۆڕبەندی بەهائیەکانی عێراق دەبێت و لەسەر ئایینەکەی بەردەوام دەبێت، جێی داخە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەک لەسەر هەوڵ و کارەکانی ئەو خاتوونە نەکراوە، کاشکا وەک ژنێکی ناوداری کورد بە کوردزمانان بناسێنرایە. کاتێک دڵدار هێندە عاشق دەبێت و لە ناخەوە بۆ ئەو خاتوونە دەسووتێت، سەیرنییە یەکێک لە بەرهەمەکانی دڵدار (فی طريقی الی معرفة الحقائق- انتقادات الی قلب البهائيين) لەسەر یان ڕاستتر ڕەخنەیە لە بیروباوەڕی بەهائی.

سەرچاوەکان: ١- عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، بەغدا: دار آفاق العربية للصحافة و النشر ١٩٨٥ ٢- دڵدار، دیوانی دڵدار، چاپخانەی کوردستان هەولێر ١٩٥٩ ٣- مەسعوود محەمەد، شکۆی ئەدەب،چ١، ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری، ٢٠٢٣. ٤- مەسعوود محەمەد، گەشتی ژیانم، چ١، ڕێکخراوی خاڵ بۆ هزر و ڕۆشنبیری، ٢٠٢٣. ٥- دڵدار تەمەنێکی کورت و ئەزموونێکی زیندوو، گ؛ڕۆڤار،ژ١٠، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. ٦- محمود محمد محمود زايد، الشيخ فرج الله زكی الكردی و جهوده فی نشر العلم، مجلة قطاع كليات اللغة العربية و الشعب المناظرة لها، المجلد ٢٠٢٠، العدد ١٤ (٣١ كانون الاول ٢٠٢٠).

سایتی نوچە

# داستانی سەرای عەبدولرەقیب یوسف

لە ساڵی ١٧٨١مەحمود پاشای بابان ، لە قەڵاچۆلانەوە رووی کردە گوندی مەڵکەندی ، مەخفەرێکی لە سەر گردی قشڵە *دروست کرد ،بۆ پارێزگاری لە و شارە نوێ یەی ، نیازبوو دروستی بکەن .

لە ١٧٨٤ئیبراهیم پاشای بابان ، شاری سلیمانی لە گوندی مەڵکەندی بە چەند بینایەک و بازاڕ و سەرا بنیات نا.

لەو کاتەوە سەرای سلێمانی بوو، بە ناوەندی کاروباری ئیداری و سیاسیی و دیبلۆماسی و گفتوگۆ وریکەوتن نامەی ئەمارەتی بابان ، بەردەرگای سەراو گۆڕەپانی سەرا ، بوو بە ناوەندی گردبوونەوەی بۆنەکانی خەڵکی شار.

*لە ١٧ تشرینی دووەمی ١٩١٨ مێجەرنۆئێل لە گۆڕەپانی سەرای سلێمانی ، لە کۆبونەوەیەکی فراوان ، لە بەردەم خەڵکی شارو سەرۆک عەشرەتەکان و چەند کەسێتیەکی دیاری رۆژهەڵاتی کوردستان ،شێخ مەحمود یان بە حوکمداری سلێمانی دانا.

ئەم رووداوە گرنگە ،گۆڕانکارییەکی نوێ بوو ،ئینگلیزەکان تەواوی شارەکانی عێراق یان بە سوپای پیادە و بە زەبروزەنگ و شەڕ داگیر کردبوو ،بەڵام بە بریاری بەریتانیا ، نوینەری بەریتانیا، دەسەڵاتی ئیداری وسیاسیی و فەرهەنگی یان بۆ کورد لە سەرای سلێمانی دامەزراند .

*٦ی ئەیلوولی ١٩٣٠ راپەرینی نوێ ی، شەپۆلی شەقامی شار بوو ، هەرهەموو یان بە یەک دەنگ و بە یەک هەڵوێست، لە بەردەم سەرای سلێمانی کۆبونەوە ، سەراپا شاری سلێمانی یان هەژاند ، بۆ رووبەڕووبوونەوەی بەرنامەو نەخشەی بەریتانیا، فەوجی سەربازانی بەریتانیا، لولەی مەترەلۆزەکان یان کردە خەڵکەکە وکۆمەڵ کوژی کوردیان کرد ،( ٦٠ ) کەس شەهید کرا ، (٩٨)کەس دەسگیر کرا .

* لە ١٠ / ١٠ / ١٩٥٦تەرمی شێخ مەحمود ،لە مەراسیم وپێشوازیەکی گەورەدا ، لە بەغدادەوە گەیشتە سلێمانی ، شەپۆلی شەقامی شار ، تەرمەکەیان بردە بەردەم سجنی سەرەوەی سلێمانی .

داوای ئازادکردنی شێخ لەتیف ی کوڕی شێخ مەحمود یان کرد ، بۆئەوەی لە پرسەی باوکی دا ، بەشداری بکات ، دەسەڵاتدارانی پاشایەتی داوەکەی شەقامی شاریان رەت کردەوە .

تەرمەکەی شێخ مەحمود یان بە ئوتۆمۆبیلەکەوە لە سەرا ی شار ،وەک نارەزایی بەرز کردەوە ، بە بریاری عومەر عەلی متەسەریفی سلیمانی ،پۆلیسەکان تەقەیان لە خۆپیشاندارا ن کرد .

دووگولە بەرتەرمەکەی شێخ مەحمود کەوت ،خوێنێکی زۆری لەبەر رۆیشت ،ئەختەری هاوسەری رەشۆڵ عەبدوڵای هونەرمەند شەهید کرا.


دوای راپەرینی ١٩٩١ی ، هەموو هاوکێشەکانی ژیان گۆڕا ، لە ساڵی ١٩٩٧پارێزگای سلێمانی و لەساڵی٢٠٠٢وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، لە پلان و بەرنامەو نەخشەیەکی بازرگانی دا ،بە نیازبوون ،سەرای سلێمانی و هێمای شکۆی شاری هەڵمەت و بەرگری و خۆپیشاندانی شەقامی شاری سلێمانی بروخێنن و لە شوێنەکەی تەلاری بازرگانی و بازاڕی ئاڵتون و گەراج دروست بکەن .

*مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف ی زاناو شوینەوارناسی گەورەی کورد ، لە هەڵویستێکی زۆربالآی جوامێرانە ، لە گەڵ هاورێکانی دا ، شەورۆژ بۆ ئەوەی ماندووبوون بزانن ، بە یاداشتێکی ١٢لاپەرەیی نارەزیی ، بە هەموو توانایانەوە ، رووبە رووی ئەو خاپوورکردنە ی سەرا وەستانەوە ، ئەو سەربازە ونەی عاشقی شوینەوارە دیرینەکانی کوردستان لە گەڵ هاورێکانی دا ،(١٠١٠) ئیمزای کەسایەتیە دیارو چین و توێژە جیاجیاکانیان ، بە ناوی سیانی خۆیان و بە ئیمزای خۆیان ، دژی روخانی سەرای سلێمانی و فرۆشتنی گردی قشڵەی سلێمانی کۆکردەوە.

*بریاری دا گەر دەسەڵاتدارانی کورد بە دواکاریی و نارەزاییەکانیان و ئیمزاکانیان ، دژ بە رووخانی سەرای سلیمانی رازی نەبن ، لە هەڵویستیکی باڵای تەحەدا ، لە بەردەم سەرای سلێمانیدا ، ئاگر لە جەستەی خۆی بەربدات .

مامۆستا عەبدولرەقیب نامەیەک و دوانزە لاپەرە یاداشتی بە( ١٠١٠) ئیمزاوە ، تەسلیم بە جەبار فەرمان کرد ، بۆ ئەوەی بیگەیێنێتە دەست مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە قەڵا چۆلان .






لەو کۆبونەوەیەدا مام جەلال و مەکتەبی سیاسی ، کە نامەکەو دوانزە لاپەرە یاداشتەکەیان خوێندەوە ،توشی تێرامان بوون ، لە هەڵوێستی باڵای مامۆستا عەبدولرەقیب یوسف ، چۆن بەو عەشقە بێ سنوورە باڵایەوە ،چۆن بە جورئەتەوە ، بە گژ نەخشەی رووخانی سەرای سلێمانی و فرۆشتنی قشڵەی سلێمانی وەستاوەتەوە ؟

چۆن مامۆستا عەبدولرەقیب و هاورێکانی ، ئەو هەموو ئیمزایەیان کۆکردوەتەوە ؟

چۆن بە ئیرادەیەکی ئازایانەوە ، ئامادەیە جەستەو رۆحی خۆی بکات بە مەشخەڵی بەهای شکۆ ی سەرای شارو قشڵەی سلێمانی ؟

هەر ئەو کاتە مام جەلال و مەکتەبی سیاسیی ، هەموویان بە یەک دەنگ و بەیەک هەڵویست ، پشتگیری داوا رەوا کەی مامۆستا عەبدولرەقیب و هاوریکانی و ئیمزاکانیان کرد و بریاری روخانی سەرای سلیمانی هەڵوەشاندەوە .

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

سەرچاوە:

چەند زانیارییەکم لە مامۆستاعەبدولرەقیب ی زاناو شوینەوارناسەوە پێ گەیشتووە .

٠دوای چەند ساڵیک دەسەڵاتدارانی شاری سلێمانی ، گردی قشڵەی پەرستگای ، شەش هەزار ساڵی شاری سلێمانی یان ،لە سیناریۆیەکی بازرگانی دا فرۆشت بە بازرگانێکی گەورە ، ئەو شوینەوارەیان خاپوورکرد و کردیان بە (کاسە مۆڵ )بازرگانی و نازاڕی نوێ ی شار.

فۆتۆ : سەنگەر عەبدوڵڵا




YADNAMA
# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری
گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی
(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،
یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.
سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
دەستەی نوسەران
ڕەووف محەمەد ئالانی
بەختیار شارەزوری
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان



بەختیار نامیق سەعید
(بەختیار شارەزوری)
sharazwri@gmail.com
009647701961087

ڕەووف محەمەد ئالانی
(ڕەووف ئالانی)
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018

سەرکەوت محەمەد فەتاح
(سەرکەوتی جیهاز)
sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703

